ئامراز
له زمانی کوردیدا

دوکتۆر ئیبراهیم عەزیز ئیبراهیم

ARTICLES
IN
KURDISH LANGUAGE

DR·E·AZIZ EBRAHIM

بسم الله الرحمن الرحيم

پـــاری یـەکـــەم

ئـامـــرازی مـۆرفـۆلـــــــــۆژی

(علـم الصـــرف)

ناوی کتێب : ئامراز لە زمانی کوردیدا .

نووسەر : دوکتور ئیبراهیم عەزیز ئیبراهیم .

بڵاوکەرەوە : ناوەندی بڵاوکردنەوەی فەرهەنگ و ئەدەبی کوردی .

(انتشارات صلاح الدین ایوبی)

تیراژ : ۳۰۰۰

چاپی یەکەم : ۱۳۶۷

نەخشینەری رووبەرگ : مستەفا قازی

پێشەکی :

بابەتی ئامراز تا ئێستا نەبۆتەباسێکی سەربەخۆ ، وەهیچ لێکۆڵینەوەیەکی تایبەتی لەکتێبخانەی کوردیدا دەربارەی نابینرێت . ئەوەی لەم رووەوە بەرچاو دەکەوێت چەند کورتە باسکردنێکە . ئەم کورتەباسانەش وەنەبێ هەموو ئامرازەکانی گرتبێتەوە ، بەڵکە یەکێ یان دووان یان زیاتر لەو ئامرازانەی گرتۆتەوە ، ئەوەش لە کتێبە رێزمانیەکانی رێزمان نووسانی کورد ،یان غەیریکورد دەبینرێت . تەنانەت من لە ئامرازی سینتاکسی یەوە لێکۆڵینەوەیەکی تایبەتیم لە قەوارەی کتێبکدا بڵاو کردۆتەوە ولەساڵی ١٩٨٠ چاپکراوە بەناوی هەندێ ئامرازی سینتاکسی لەزمانی کوردیدا . هەروا لێرەشدا وردبوونەوەیەک لەچەند ئامرازی زمانی کوردی دەخەمەپێش چاوی خوێندەوارانی بەرێز بۆئەوەی ئەم بابەتە لەقالبێکی تایبەتی و وردبوونەوەیەکی تایبەتی دا لای، خوێندەوارانمان ئاشکرا ببێت . هەروا بۆئەوەش کەئامرازە-کانی زمانی کوردی باسێکی تایبەت بەخۆیەوە بگرێتەبەر .

ئەم باسەم ئامرازەکانی خوارەوە دەخاتەپێش چاو :

١- ئامرازی بانگکردن صيغ صيغ

٢- ئامرازی پرسیار

٣- ئامرازی سەرسوڕمان

٤- ئامرازی ناسراوی ونەناسراوی

٥- ئامرازی کۆ

٦- ئامرازی فرمانی

٧- ئامرازی پەیوەندی

٨- ئامرازی خۆزی

٩- ئامرازی نەفی - نەرێ

١٠- ئامرازی پلەی بەراووردوبالاّ

١١- ئامرازی داواکردن وپاڕانەوە

بۆئەم وردبوونەوەیەش چەند سەرچاوەیەکم بینیون ولە لاپەڕەی سەرچاوەکان پێشانم داون.

بەشی یەکەم

ئامرازی بانگکردن ،

لەزمانی ئەدەبی ئەمڕۆی کوردیدا ئامرازی بانگ کردن ئەمانەی خوارەوەن :

ئەی ، هۆ ، هێ، یا ، ۆ ، ە ،ێ ،

١- ئەی:

ئەم ئامرازی بانگکردنە لەلایەن گشت رێزمان نووسانی کوردەوەباس کراوەوبەئامرازی بانگ کردنیان دانراوە .
زۆر بەئاشکرا بەکار دەهێنرێت بۆبانگ کردن لەزمانی کوردیدا و لەهەردوو دیالێکتە بنچینەیەکانی زمانی کوردیدا هەیە .

ئەم ئامرازە بۆبانگکردنی (کەس) چ نێر وچ مێ، هەروەها بەکار دەهێنرێت بۆ بانگکردنی کۆمەڵێک وەک لەنموونەکانی خوارەوەدا دیارە :

- ئەی هاو وڵاتیانی خۆشەویست !

١- ئەی جەماوەری گەلی کوردمان یەکگرن.

٢- ئەی قوتابیانی دڵسۆز بخوێنن.

٣ـ ئەی خوشک وبرایانی خۆشەویست .

ئەم ئامرازە بەکار دێت هەرچەندە رستەش لەئارادا نەبێ ونەشکەوتبێتە ناو رستەوە

ئەی کرێکارانی ماسولکەپۆلایی

ئەی دلێران

ئەی جووتیاران

ئامرازی (ئەی) لەگەڵ رستەش بەکار دێت وخۆی دەنوێنێت ، بەنموونە :

ئەی خەباتگێران رێگای خەبات بگرنەبەر

ئەی خوێندکارانی کورد بەگەرمی بخوێنن.

ئامرازی بانگکردنی (ئەی) بۆ بانگ کردنی شتیش بەکاردێت وەک داواکردن وبانگ کردنی نیشتمان ، هەر وەک لەشێعری کوردیدا هاتووە .

ئەی وەتەن مەفتوونی تۆم وشێوەتم بیرکەوتەوە

ئامرازی (ئەی) هەردەم دەکەوێتە پێشەوەی رستەبان بانگکراو . بەهیچ جۆرێک ناتوانێ بکەوێتەناوەوە یان، دواوەی بانگکراو بەنموونە :

ئەی کاکەی شوان یەجکار دەروون زووخاڵم
چاوەڕێی دەنگێکی بەرزی شمشاڵم

٢- ئامرازی بانگکردنی (هۆ)

ئەم ئامرازە لەزمانی کوردیدا چ لەزمانی ئەدەبی یان ئاخافتندا بۆ بانگ بەکاردێت ، بۆنموونە :

هۆبرام !

هۆکاکە!

هۆخاڵە!

ئامرازی (هۆ) بەس لەگەڵ ناوی نێر بەکار دێت بۆ نموونە :

هۆشوان!

هۆئاسۆ!

هەروەها دەتوانی لەگەل ناوی گشتی (کۆ) ش بەکاربێت .
بۆنموونە :

هۆبراینە!

هۆخزمینە!

هۆکچینە!

لەدەربڕینەکانی سەرەوەدا ووشەکانی (برایینە ، خزمینە کچینە) ناوی گشتی (کۆ) ن . کەلەواندا ئامرازی (ان) بۆتە "ین": کچان بۆتەکچینە وخزمان بۆتە خزمینە دەشتوانێ لەگەڵ هەندێ وشەی ناوی گشتیدا پیتی (ا) لە ئامرازی (آن) بمێنێتەوە بەڵام ئەمخاسیەتەکەم بەکاردێت

٣- ئامرازی بانگ کردنی (هێ)

ئەمە ئامرازێکی کەم بەکار هاتووە لەزمانی کوردیدا وهەرلەگەڵ ناوی (مێ) یینە بەکار دێت بەنموونە :

هێ رەوشەن !

هێ نازەنین !

هێ پەروین!

زۆرجار کەئامرازی بانگ کردنی (هێ) دەچێتە سەرناوەکە پیتی (ی) وەردەگرێت بەنموونە :

هێ خەجێ !

هێ گوڵشەنێ !

ئامرازی (هێ) لەگەڵ ناوی گشتی تاکی مێینە بەکاردێت .

بەنموونە :

هێ دایە !

هێ ژنێ !

ئامرازی بانگکردنی (یا) :

ئەم ئامرازە لەزمانی کوردیدا هەیە چ لەزمانی ئاخافتن یان ئەدەبیدا ، بەڵام لەبنچینەدا کوردی نیە ولە عەرەبی یەوە هاتۆتە ناو زمانی کوردی ، لەم زمانەدا بەزۆری لەگەڵ ناوی پیرۆز بەکار دێت وەکوو : خوا ، پێغەمبەر ، محەمەد ، بەنموونە :

یا خوا !

یا محمد !

ئامرازی بانگکردنی (ۆ) : ئامرازێکی کوردی یە

کوڕۆ وەرە

عەزۆ بڕۆ !

ئەمئامرازەلەزمانی کوردیدا کەم بەکاردێت ، بەکار هێنانی لەدیالێکتی سەروو زۆرترەلەهی خواروو .

ئامرازی ناوبراو هەر لەگەڵ ناوی نێر بەکار دێت و

ناچێته سەرناوی مێ.

میرۆ! هەفالۆ!

ئامرازی بانگ کردنی (ە):

ئەمەشیان یەکێکە لەئامرازەکانی بانگ کردنی زمانی کوردی ، بەکارهاتنی لەم زمانەدا ئاشکرایە بۆنموونە:

کوڕە وەرە!

خالّە برۆ!

کاکەبچۆ!

ئامرازی (ە) تایبەتە بەناوی نێرەوە، وەهەر لەگەڵ ناوی نێر بەکاردێت

بابە

برایە

خزمە

ئامرازی (ە)دەچێتە سەرناوی گشتی کۆ. لەم حالەتەدا، "ا ن" کەنشانەی کۆیەدەبێتە "ین"

کوڕینە

خزمینە

کەسینە

براینە

ئەم ئامرازە بۆناوی گشتی (کۆ) (نێرومێ) بەکاردێت

ئامرازی (ە) دەتوانێ بچێتە سەرناوی کۆی مێینە . بە

نموونە :

کچینە !

خوشکینە !

ئامرازی بانگکردنی (ێ) :

ئەم ئامرازە لەزمانی کوردیدا بەکاردێت وئاشکرایە بە

نموونە :

پوورێ !

خوشکێ !

کچێ !

ئامرازی (ێ) بانگکردن لەزمانی کوردیدا هەرلەگەڵ

ناوی (مێ) بەکاردێت ، ناوەکە (چ) گشتی بێت یان

ناوێکی تایبەتی بێت .

بەشی دووەم

ئامرازەکانی پرسیار

لەزمانی کوردیدا ئامراز هەیەتایبەتە بەپرسیارەوە ،ئەمانە کۆمەڵەئامرازێکن لەم زمانەدا پرسیار دروست ئەکەن، لەمانەی خوارەوە :

بۆ ، چ، بۆچ، بۆچی، چۆن، ئایا ، کەی، چەند ، چی، کێ، کامە کوا ، لەبەرچی ، کوێ (لەکوێ، بۆکوێ، تاکوێ) .

ئامرازی (بۆ):

لەنووسین وقسەکردندا بەکار دەبردرێ و"هۆی" شتێک دەپرسێ: ئەم‌ئامرازە دەتوانێ رستەی پرسیار دروست بکات بەنموونە :

بۆکتێبەکەت نەخوێندۆتەوە ؟

ئامرازی (بۆ) دەتوانی بکەوێتە پێش فرمانەوەبەنموونە :

بۆهاتوویەئێرە ؟

بۆنەهاتیەئێرە ؟

ئامرازی (بۆ) دەکەوێتە پێش ئەووشەیەی کەمەبەستمانە بیزانین لەرستەدا بۆنموونە :

بۆدوێنێ دیار نەبوویت ؟

لەرستەی سەرەوەدا مەبەستمانە بزانین دیاربوون لە

دوێنێدا ، لەبەر ئەوە ئامرازی (بۆ)ی کەوتۆتەپێش.

ئامرازی (بۆ) دەکەوێتە پێش ناوی پرسراو . وەکوو:

بۆدوێنێ نەهاتی؟

لێرەدا ئامرازی (بۆ) کەوتۆتەپێش وشەی دوێنێ کەمەبەستە بزانین نەهاتن لە دوێنێدا .

ئامرازی (چ):

ئەم ئامرازە بۆپرسینی بەرکار (مفعول) لەغەیری ئینساندا بەکار دەبردرێ، وەک : چ دەنووسی؟ هەرچ نییە تەنها بۆ چکە لەو...

لێرەدا مەبەست زانینی ئەوشتەیە کەدەنووسرێ؟ لەوەڵامدا ...

دەڵێین :

نامەدەنووسم

ئامرازی (چ) لەناو رستەدا بۆدەست نیشانکردن یان بۆ هەڵبژاردن بەکار دێن . بەنموونە :

چ کەس ؟ چ شت ؟

ئامرازی (چ) کەدەکەوێتە پێش ناوێک ناوەکە ئامرازی نەناسراوی یەک وەرئەگرێت . واتە (یەک) وەرئەگرێت .

چ کتێبێک ؟ چ کەسێک ؟

ئامرازی (چ) دەکەوێتە پێش فرمانیش . بەنموونە :

چ دەکەی؟ چ دەخۆی؟

ئەگەر هات وئامرازی پرسیار (چ) لەگەڵ فرمانی تێپەڕ هات لەکاتی رابردوودا راناوی لکاو وەردەگرێت چونکە ئەبێتە بەرکاری یەکسەر ،بۆنموونە :

چمکرد؟، چت کرد؟ چی کرد؟، چیمان کرد؟، چیتان کرد ؟

ئامرازی (بۆچ):

ئەم ئامرازە لەرووی دروست بوونەوە ئامرازێکی لەزمانی کوردیدا دروست بکات وهەمان مانای "بۆ" دەدا :

بۆچ منت ناوێ ؟

بۆمنت ناوێ ؟

ئامرازی بۆچی :

ئامرازێکی لێکدراوە لە (بۆ + چی) پێکهاتووە ،ئەمئامرازەش دەتوانێ رستەی پرسیار دروست بکات وهەمان مانای " بۆ " دەدا .

بۆچی نەگریم سەدکەرەتم دڵ دەشکێنی ؟

"بۆچی" هەروەها بەمانای بۆچ شتێک یاچ مەبەستێک بەکار

دەبردرێ وەک :

بۆچی دەڕوانی ؟ یانی لەچ شتێک دەگەڕێیی ؟ بۆچی هەوڵ ئەدەی ؟ یانی بۆچ مەبەستێک تێدەکۆشی ؟

ئامرازی چۆن :

ئامرازێکی پرسیارە، کەچلۆنایەتی وچۆنەتی کار، یا حاڵ وئەحواڵ دەپرسێ ؟ چۆن فێری کوردی بم؟ کاکە چۆنی؟ چۆن دەچیە سەرکار؟

ئازاد چۆن هات ؟

ئامرازی ئایا :

دەکەوێتەپێش رستە ودەیکاتە پرسیار ، وەک :

پەروین هاتەئێرە .

ئایا پەروین هاتەئێرە؟

ئامرازی کەی :

ئەم ئامرازە کاتوزەمان دەپرسێ : وەک

کەی سەردانێکمان دەکەیت ؟

کەی چویتە تاران ؟

ئامرازی چەند :

ئەم ئامرازە، ژمارە دەپرسێ وهەمیشە دەکەوێتەپێش ئەو ناوەی کەژمارەی پرسیار کراوە وەک :

ئەمساڵ چەند کتێبت خوێندۆتەوە؟

چەند برات هەیە؟

لەرستەکەدا دیارە چەند دەتوانێ بکەوێتە ناو رستەوە،بەڵام هەردەمدەکەوێتەپێش و شەی پرس کراوەوە.

ئامرازی کێ:

بۆپرسینی فاعیل یا بەرکار (مفعول) لەئینساندا بەکاری دەبەن وەک :

کێ یارمەتیمان دەدا ؟ هیوا یارمەتیمان دەدا (فاعل)

کێ بانگ دەکەی ؟ هیوا بانگ دەکەم (مفعول)

ئامرازی کامە :

(کام) ئامرازی پرسیارە بۆهەڵبژاردن ودەست نیشان کردن

کامە (کام) چیرۆکت بەدڵە؟

کام کڵاوت دەوێ؟

ئامرازی کوا :

ئەم ئامرازە شوێن وجێگە دەپرسێ

کوا خوێندکارەکان ؟

کوا ماڵەکانتان ؟

بەشی سێ هەم

ئامرازەکانی سەرسوڕمان

لەزمانی کوردیدا ئەم ئامرازانەی خوارەوە بۆ سەرسوڕمان بەکار دێت :

هەیها ، پەکوو ، پەکوف ، حەک ، هەک ،پێح، پەحا ،(تەح،تەحە تەحا)، ئەک ، هەو ، چش، (وای، ئای، ئۆخەی) ،ئاخ ئۆف ، بەه بەه .

١- هەیها لەوکردەوە نابەجێیە !

٢- پەک لەوقسە خۆشە !

٣- پەکولەوهەوایەناخۆشە !

٤- هەک لەم وتەجوانە !

٥- پەح لەوهەوا ساردە !

تێبینی:

ئامرازەکانی سەرسوڕمان (پەح ،پێح ،پیح) ئەمانەهەرسیکیان یەک روالەتیان هەیە بەلام جیاوازی یەکی فۆنەتیکی لە نێوان هەر سێ ئامرازەکەدا هەیە . سێ ئامرازی سەرسوڕمانی - تر هەیە (تەح، تەحە ، تەحا) ئەمانەش لە روالەتا یەکن بەلام جیاوازی یەکی فۆنەتیکی لەنێوانیاندا هەیە ،ئامرازی

تەح یان تەحا لەنموونەی خوارەوەدا دیارە:

تەح لەوقسەبەجێیە!

جاری واهەیە ئامرازی تەح دەکەوێتە دوای رستەبەنموونە:

دوێنی کتێبێکی ٥٠٠ لاپەڕەییم خوێندەوە، تەح لەوقسەیە!

نموونە بۆ ئامرازی (وای):

وای لەوکچەجوانە!

دیسان (ئای):

ئای لەوبەڵایە!

لەبەرهێنانی ئامرازەکانی سەرسوڕمان فۆڕمی (لەو) بەکار دێت ودەکەوێتە دوای ئامراز، بەڵام هەندێ ئامراز هەیەوەک (وای، ئای، وەی وەی) ئەمانەئەتوانن لەسەرەتای رستەش بێن. وفۆڕمی (لەو) وەرناگرن، هەروەها هەندی جار فۆرمی (لەو) وەردەگرن.

ئامرازی تری سەرسوڕمان دەتوانێ لەکۆتاییووشەشدا بێت (تەح، چش، پێح).

بەشی چوارەم

ئامرازەکانی ناسراوی ونەناسراوی

لەزمانی کوردیدا کۆمەڵێک ئامرازهەیە دەچنە سەر ناو دەیکەنە ناسراو یانەناسراو .

خوێندکار	ەکە	خوێندکارەکە	ناسراو
〃	ێک	خوێندکارێک	نەناسراو

ئامرازەکانی ئێرە بریتین لە (کە ، ەکە ،ێک ، دک ، یەک ێ) .

ئامرازی کە :

ئامرازێکی ناسراوە تایبەتەبەو ناوانە کەکۆتاییان بە پیتی بزوێن هاتووە ، هەروەک لەنموونەکانی خوارەوەدا دەر دەکەوێ :

چیا	چیاکە ، دەریا	دەریاکە
هەرمێ	هەرمێکە ، پەنجەرە	پەنجەرەکە

تێبینی :

ئەگەرهاتووناوی "هەیی " کۆتایی بە پیتی بزوێنی (و) ،(وو) هاتبوو لێرە دا لە گەڵ دەستووری ئامرازی "کە "ناڕوات ،بەڵکوو ئامرازی (ەکە) وەردە گرن .

پیاو	پیاوەکە ،	خانوو	خانووەکە

ئامرازی یەک :

ئەم ئامرازە دەچێتە سەرئەو ناوانەی کەکۆتایی یان بە پیتی بزوێن هاتبێت (ئا ،ا ، ێ،و،ی ،ە) هەروەک ئەم نموونانەی خوارەوە :

چیا + یەک چیایەک، دەریا دەریایەک (ا)

دێ دێ یەک ، هەرمێ هەرمێ یەک (ی)

هەڵۆ هەڵۆیەک ، شانۆ شانۆیەک (و)

کانی کانی یەک ، قوتابی قوتابی یەک (ی)

پەنجەرە پەنجەرەیەک، شووشە شووشەیەک (ە)

ئەگەر هاتوو وشەکەیان ناوەکە کۆتایی بەپیتی بزوێنی(وو ، و) هاتبێ ناوەکە ئامرازی (یەک) وەرناگرێت بەڵکوو (ێک) وەردەگرێت . وەک :

خانوو خانووێک نەک خانوویەک

ئامرازی ێک : (ێک)

ئامرازێکی نەناسراوە ، تایبەتە بەو ناوانەی کۆتاییان بەپیتی نەبزوێن هاتووە ، نموونە :

شاخ شاخێک ، بەرد بەردێک

ئـــا مـــرا زی ێ :

ئـەمەش ئا مرا زێکی نەنا سرا وە ، تا یبەتە بەونا وا نـــەی کـــە کۆتا ییا ن بەپیتی بزوێن نـــەھا تووە :

گــوند گوندێ ، کــورد کوردێ

ئـــا مـــرا زی ەک :

ئا مرا زێکی نەنا سرا وە ،بەونا وا نەوە دەلکێ کە کۆتا یـــیا ن بەپیتی نەبزوێن . وەک لەخوا رەوەدا دیا رە :

ژن ژنەک ، کوڕ کوڕەک ، کچ کـچـەک

لەموکریا ن وھەولێرو گۆڤەرەکا نی کرما نجی ژووروو بەکــــا ر دێـــت . نیشا نەی کۆ بەنا وی نەنا سرا وەوە نا لکێ وبـــۆکـــۆ کردنەوەی ئەم نا وا نە وا ژەی "چەند" "ھێندێ" ھێـنـدێـــک " بەکا ر دەبەین . وەک چەند کەسێک . ھێندی کـەس .

بەشی پێنجەم

(ئامرازی کۆ)

لەزمانی کوردیدا کۆمەڵێک ئامراز هەن دەتوانن ناوی کۆ دروست بکەن ئەوانیش ئەمانەن (ان، هات ، جات ، وات ، گەل) .

ئامرازی (ان) :

ئەم ئامرازە دەتوانێ هەموو ناوێکی کوردی بکاتە کۆ ئامرازی (ان) لەزوربەی زۆری گۆڤارو دیالێکتەکانی زمانی کوردیدا بەکار دەهێنرێت ،لەبەر ئەوە دەتوانین بڵێین (ان) تاقەئامرازی کۆیەو ئامرازێکی گشتی یە کە دەتوانێ ناوی تاک بکاتە کۆ ، وەکوو .

نووسەر + ان نووسەران ،ژن ژنان،پیاو پیاوان

ئەگەر ئامرازی (ان) چووە سەر ئەو ناوانەی کە کۆتاییان بەپیتی بزوێن (آ ، ی ،ێ، ۆ) هاتوەلێرەدا ئامرازی کۆی (ی) وەردەگرێت وفۆڕمی (یان) دروست دەبێت . وەکوو :

چیا چیایان،هەرمێ هەرمێیان،هەڵۆ هەڵۆیان

ئامرازی (آن) دەچێتە سەرناوی ناسراویش ، لێرەدا پیتی بزوێنی دووەمی ئامرازی ناسراو دەکەوێت. بۆنموونە :

پیاوەکە پیاوەکان

ئامرازی (ان) دەتوانێ بچێتە سەرناوی دیارخەر،بۆنموونە:

خوێندکاری زیرەک خوێندکارانی زیرەک

لەلێکدانی سینتاکسی سەرەوە ئامرازی (ان) چۆتەسەروشەی خوێندکار کە ناوێکی دیارخەرە ، وەهەروەها نیشانەی ئیزافەت دەکەوێتە دوای ئامرازی (ان) بۆنموونە:

خوێندکاران +ی زیرەک

تێبینی:

١- ئەگەر بەدوای ناوی دیارخراودا دیارخەرێکی ناسراو هاتبوو، ئامرازی (ان) دەچێتە سەر دیارخەرە ناسراوەکە:

خوێندکارە زیرەکەکە خوێندکارە زیرەکەکان

٢- ئەگەر هاتوو دووناو بەدوای یەکدا هاتبوون وبە یارمەتی ئامرازی پەیوەستی (و) پێکەوە بەسترابوون ئامرازی (ان) دەچێتەسەر رستەی ناوی دووەم وەکوو:

کرێکارو جوتیار کرێکارو جوتیاران .

کوڕو کچ = کوڕوکچان

ئامرازی هات:

ئەم ئامرازە زۆرکەم لەزمانی کوردیدا بەکاردێت وتەنیا لەوشەی (دێهات ، میوەهات)دا دیارە .

ئامرازی جات :

هەروەها ئەمیش ئامرازێکی کۆیە ولەزمانی کوردیدا کەم بەکاردێت ولەوشەی (میوەجات)دا دیار دەکەوێت.

سەوزە + وات   سەوزەوات

ئاغا + وات   ئاغاوات

ئامرازی گەل:

ئەمەش هەروەها ئامرازێکی کەم بەکار هاتووە وەک :

کوڕگەل، وەرگەل (بەرخەل) ، گاگەل .

بەشی شەشەم

ئامرازی فرمانی(فعل)ی

لەزمانی کوردیدا کۆمەڵێک ئامراز هەیە ، ئەم ئامرازانە لەگەڵ فرماندا دەردەکەون فۆرمی نوێ بۆ فرمان دروست دەکەن، وەک ئامرازەکانی (ب، بایە ،دە ،ەر ، ری، را) وەک :

١- خواردن	خور (رەگ)	بخۆ
٢- کردن	کرد (رەگ)	کردبایە
٣- پێوان	پێو	پێورا
٤- نووسین	نووس	نووسەر
٥- شێلان	شێل	دەشێلرێ

١- ئامرازی(ب) :

ئەم ئامرازە تایبەتە بەفرمان - دەتوانێ بکەوێتەپێش رەگی فرمانی کاتی ئێستا وە دەلالەتی داخوازی دروست دەکات ، بۆنموونە :

بخۆ = ب + خۆ

بنووس = ب + نووس

ئامرازی (ب) دەشتوانێ بکەوێتەپێش رەگی رابردووی فرمان لەم حاڵەتەدا دەلالەتی مەرج وئارەزوو دروست دەکات وەک :

بشووشتایە = ب + شووشت + ایە

ئەگەر دەستی بشووشتایە نەخۆش نەدەبوو. بریا دەستی بشووشتایە! لێرەدا جیاوازیەک بەدی دەکرێت لەبەکار هێنانی ئامرازی (ب) ئەگەر ئامرازی (ب) کەوتە پێش رەگی کاتی ئێستا دەلالەتی داخوازی دروست دەکات بەلام ئەگەر کەوتە پێش رەگی کاتی رابردووی فرمان لێرەدا دەلالەتی ئارەزوو ومەرج (تمنا وشرط) دروست دەکات.

٢- ئامرازی (دە):

ئەم ئامرازەش دەکەوێتە پێش رەگی فرمان، چ رابردوو چ ئێستا، ئەگەر کەوتە پێش رەگی کاتی ئێستا، کاتی ئێستای فرمان دروست دەکات، وەک:

دەخۆم دە + خۆ + م

دەنووم دە + نوو + م

ئەم ئامرازە دەتوانێ بکەوێتە پێش رەگی کاتی رابردوو،لێرە ـ دا کاتی رابردووی بەردەوام دروست دەکات. بۆنموونە:

دەمشووشت دە + م + شووشت

٣- ئامرازی (را):

ئەم ئامرازەش دەچێتە سەر رەگی کاتی رابوردوو وئێستا لەفرمانی تێپەڕدا وەفۆڕمی پەسیڤی (مجهول) کاتی رابردوو دروست دەکات . بۆنموونە :

ناشتن ناشترا نێژرا

٤ـ ئامرازی (ێ) :

ئەم ئامرازەش دەچێتە سەر رەگی فرمانی (فعل)تێپەڕو فۆڕمی پەسیڤی (مجهول) بۆکاتی ئێستا دروست دەکات . بۆ نموونە :

دەناشترێ دە+ ناشت + رێ

دەنێژرێ دە+ نێژ + رێ

دەبینرێ دە+ بین + رێ

٥ـ ئامرازی (ەر) :

ئەم ئامرازە دەچێتە سەررەگی کاتی ئێستای فرمان وەناوی بکەر (اسم فاعل) دروست دەکات . بۆنموونە :

نووس + ەر نووسەر

خوێن +ەر خوێنەر

٦ـ ئامرازی (راو) :

ئامرازی (راو) ئامرازێکی تایبەتە بۆ دروستکردنی ناوی بەرکار (اسم مفعول)، ئەم ئامرازە دەچێتە سەر رەگی کاتی ئێستای فرمانی تێپەر فۆڕمی نوێ دروستدەکات بۆنموونە:

نووس + راو نووسراو

بین + راو بینراو

بەشی حەوتەم

"ئامرازی پەیوەندی"

لەزمانی کوردیدا کۆمەڵەئامرازێک هەیە لەناو رستەی سادەدا بەکاردێت وپەیوەندی لەنێوان دوو وشەی رستەکەدا پەیدا دەکات. ئامرازەکان بریتین لە (بۆ، ە، لەگەڵ، لە، بە)

١- ئامرازی بۆ:

ئەم ئامرازە دەتوانێ پەیوەندی لەنێوان دوو وشەی لە ناو رستەیەکدا پەیدا بکات. بۆنموونە:

من چووم بۆبازار

لەڕستەی سەرەوەدا ئامرازی (بۆ) توانیوێتی پەیوەندی لەنێوان وشەی چووم لەگەڵ وشەی بازار پێک بێنی لەبەر ئەوە پێ ی دەگوترێ ئامرازی پەیوەندی.

٢- ئامرازی (ە):

ئەم ئامرازەش لەجیاتی ئامرازی "بۆ"ی پەیوەندی لە هەندێ ناوچەی کوردستاندا بەکار دەهێنرێت. بۆنموونە:

من چوومە بازاری

لێرەدا ئامرازی (ە) پەیوەندی چوو-بازاری پەیدا دەکا

وپێکیان دەبەستێتەوە ولەجیاتی (بۆ) بەکار هاتووە.

٣- ئامرازی لەگەڵ:

ئەمەشیان پەیوەندی لەنێوان دوونا و لەناورستەدا پێک دێنێ، بۆنموونە:

ئازاد لەگەڵ رزگار هات بۆئێرە.

٤- ئامرازی لە:

ئەمەش هەروەها ئامرازێکی پەیوەندی یەو لەرستەی کوردیدا ئاشکرایە کەپەیوەندی لەنێوان دوو وشەی رستەدا پەیدا دەکات، بۆنموونە:

نەوزاد لەسالار ناترسێ

٥- ئامرازی بە:

ئەمەشیان ئامرازێکی پەیوەندی یە، پەیوەندی لەنێوان دوو وشەیان دوو بەشی رستە پێک دێنێ.

من بەئێوەوە سەربەرزم.

پارەکەم دا بەباوکت.

تێبینی:

لەئامرازەسەرکیەکانی پەیوەندی لەزمانی کوردیدا (و)ە

کەپێوەندی دوو وشەیان دوو ناو یان دوورستەپێک دێنی.

سێو وپرتەقاڵ میوەن.

من وتۆ براین.

ئازاد هات ومن ڕۆیشتم.

بەشی هەشتەم

"ئامرازی خۆزی (کاش)

لەزمانی کوردیدا هەندێ ئامراز هەیە دەچێتە پاڵ خۆزی دەتوانێ رستەی خۆزی دروست بکات . ئەوانەیش بریتین لە (خۆزگە ، خۆزیا ، بریا ، کاشکی) .

ئامرازی خۆزگە :

ئەم ئامرازە لەزمانی کوردیدا بەکاردێت بۆ دەربڕینی خۆزی ، بۆنموونە :

خۆزگە سبەی لەهەولێر بەفرببارایە .

ئامرازی خۆزیا :

ئەم ئامرازەش هەروا فۆڕمێکی ئامرازی خۆزگەیە ، تەنانەت لەزۆری مۆرفۆلۆژیاوە لێی جیا ئەبێتەوە ، بەڵام لەوەزیفەدا یەکن . بۆنموونە :

خۆزیا پیری نەبوایە .

ئامرازی بریا :

ئەم ئامرازەش ئامرازێکە رستەی خۆزی دروست دەکات بە وەزیفەی خۆی هەڵئەسێت .

بریا ئێوە هەمووتان زیرەک بوونایە

ئامرازی کاشکی:

(کاشکی) ش ئامرازە چونکە واتای نی یە. لەبەر ئەوە رستەی خۆزی لەزماندا دروست دەکات.

کاشکی ئەوهەڵەیەت نەکردایە.

بەشی نۆهەم

ئامرازی نەفی (نەرێ)

لەزمانی کوردیدا سێ ئامراز هەیە نەفی پێشان دەدات ،
وەک (نە ، نا ، نەخێر) لەگەڵ (مە).

ئامرازی نە :

ئامرازێکی نەفی یە دەتوانی کردەوە نەفی بکات .

نەخۆم . نەبم . نەنووسم

دەتوانێ فۆڕمی پرسیار لەسەر ئامرازی نە دابنێت ونەفی
لەپرسیاردا پێشان بدات . بۆنموونە :

نەچم؟ نەکەم؟

جاری واهەیە ئامرازی "نە" دەکەوێتەپێش ناویش ونا وەکەبە
نەفی پێشان دەدات . وەکوو :

نەرزگارم دی نەئازاد.

جاری واهەیە لەوەڵامدا فۆڕمی«نە»بۆنەفی بەکاردێت . بۆ
نموونە : تۆنامەت نووسی؟ نە؛

ئامرازی نا :

ئەم ئامرازەلەزمانی کوردیدا زۆر بڵاوە.زۆر بەکار
دێت ودەکەوێتەپێش فرمانەوە وفرمانەکە بەنەفی نیشان

دەدات . وەک :

نارۆم . ناخۆم نانووسم .

هەروەها ئامرازی (نا) زۆرجار دەکەویتەپێش رستەی پرسیار وەک :

بۆنانووسیت ؟ یان نانووسیت ؟

بۆمەنفی کردنی فرمان (فعل) لەزەمانەکانی دیکەدا "نە " دەکار دێنین وەک :

نەمدیوە . نەمدیبوو . نەم دەدیت .

ئامرازی نەخێر :

ئەم ئامرازە بەکار دەهێنرێتبۆوەڵام دانەوەی پرسیار ـ ێک بەنەفی . بۆنموونە :

ئایا تۆچیرۆکی"لەخەوما"ت ، خوێندۆتەوە؟ نەخێر .

زۆرجار لەکاتی داخوازیدا (امر) فۆرمی (مە) بەکاردێت بۆنەفی . وەک :

مەخۆ ، مەرۆ ، مەنووسە ، مەبە ، مەکە .

بەشی دەهەم

ئامرازی پلەی بەراوردوو بالا

(أداةدرجةالمقارنةوالاستعلاء)

لەزمانی کوردیدا سێ ئامراز بۆ پلەی بالاو بەراوورد ، بەکار دەچن کە بریتین لە (تر ،ترین ، هەرە) ئەمئامرازانە تایبەتن بەئاوەڵناوەوە (صفت) و دەچنەسەر ئاوەڵناووپلەی بەراورد و بالا پێشان دەدەن. بۆنموونە :

جوان جوانتر جوانترین هەرەجوانتر

١ـ ئامرازی تر :

ئامرازێکە بەراوردوو پێشان ددات وپلەی بالا لە ئاوەڵناوێکدا بەنیسبەت دەردەخات .ئاوەڵناوێکی دیکە . ئەم ئامرازە لەزمانی ئەدەبی کوردیدا زۆر ئاشکراوديارە بۆ نموونە :

زیرەک زیرەکتر ئەحمەد لەهیوا زیرەکترە

جوان جوانتر نەشمیل لەمریەم جوانترە

٢ـ ئامرازی ترین :

ئەم ئامرازە پلەی بەرزترپێشان دەدات . وەک :

بەرز بەرزترین ، دەماوەند بەرزترین کێوی ئێرانە .

٣- ئامرازی هەرە :

ئەم ئامرازە پلەی بالا نیشان دەدات لەوەزیفەدا بەهێزترە لەهەر دووئامرازەکانی تر وەک : تر ، ترین،

ئامرازی "هەرە" هەرەبەرز هەر دەکەوێتەپێش ئاوەلناو .

جاری واهەیە ئامرازی (هەرە) دەکەوێتەپیش ئەوئاوەلناوەی کە کۆتایی بە ئامرازەکانی تر ،ترین هاتووە ، لێرەدا هاتنی هەرە تەنها بۆ دووپاتکردنەوەیە . بۆنموونە :

هەرە جوانتر ، هەرە جوانترین

بەشی یازدەهەم

ئامرازی داواکردن وپاڕانەوە

اداة الطلب والترجي

لەزمانی کوردیدا تاکەئامرازێک هەیە بۆ داوا کردن و پاڕانەوە ، ئەویش (تکایە) بۆنموونە :

تکایە قسەمەکەن

تکادەکەم زووتر وەرە .

" پـــــاری د ووەم "

ئـــامـــرازی ســینـتــا کــســـی (نـــحـــوی)

پێشەکی:

زۆر بەپێویستم زانی کەکارێکی تایبەت بەئامرازی سینتا ـ ـکسیەوە بنووسم وەپێی توانا لێی بکۆڵمەوە، چونکە ئامرازی سینتاکس لەرووی ئەرک ووەزیفەوە دەورێکی هێجگار باش دەبینێ لەزمانی ئەدەبی ئیمرۆی کوردیدا ،لەلایەکی ترەوە لە کۆڕی لێکۆڵینەوەی رێزمانی کوردیدا لەبارەی ئامراز بەتێکڕایی وئامرازی سینتاکسی یەوە بەتایبەتی کارێکی سەربەخۆ نابینرێت، جگەلەوە نەبێت، کە نووسەرانی رێزمانی کوردی لەلابەلایی کتێبە گرامانتیکیەکانیاندا بابەتی ئامرازیان پێکاوەو لەگەڵ ئەوەشدا نووکی خامەکانیان تۆزێک بەلای ئامرازی سینتاکسی یەوە لای کردۆتەوە.

پێکان وباس کردنی ئامرازی سینتاکسی لەلایەن نووسەرانی رێزمانی کوردی یەوە کارێکی بێ ئەندازە گرنگەوخزمەتێکی باشی رێزمانی کوردی بەتێکڕایی وسینتاکسی کوردی بەتایبەت دەکات.

ئێمەش ویستمان ، کەسووچێکی ئەمە پڕبکەینەوە وهەندێ

ناتەواوی راستکەینەوە. هەروەها تائامرازی سینتاکسیش، باسێکی سەربەخۆی هەبێت. بۆئەم مەبەستانەش بەپێی توانا و زانستانە لەهەندێ ئامرازی سینتاکسی کوردیەوە دواوین جگەلەوەش بۆ ئەوە، کەکاری ئێمەش بچێتە پاڵ کاری ئەوان و سووچێکی خزمەتگوزاری بگرێ.

باسەکەمان لێکۆڵینەوەیەکی کورتە- هەرچەندە دەبا بە قووڵی وفراوانتر بچوومایە ناو باسەکە - بەڵام بەپێی توانا هاتووەو بەپێی لەدەست هاتنەوە نووسراوە، بەڵکوولەهەلێکی - تریان پیاچوونەوەیەکی تردا بە قووڵترو بەفراوانتر بڕۆمەناو باسەکەو قووڵ وفەراوانی بکەمەوە.

ئەم کارەمان لەم کورتەپێشەکی یەو چوار بەش وئەنجامێک پێکهاتووە. بەشی یەکەم سەبارەت مێژووی باسەکەیە. بەشی دووەم لەئامرازەکانی سینتاکسی بەگشتی دەدوێ وباسی ئەم بابەتانەش دەکات: زاراوەی ئامراز، پێناسینی ئامراز لەرووی دروستبوون ولەرووی ئەرکەوە، بەشی سێیەمی سەبارەت ئامرازی پەیوەستدارە لەرووی زاراوەو جۆرەکانیەوە.

بەشی چوارەمی لەبارەی ئامرازی گەیەنەرەوە قسەدەکات و زاراوەوجۆرەکانی دەخاتەروو .

نموونەکانی ئەم کارەشم لە بەرهەمە چیرۆکیەکانی شارەزاو ئەدیبانی کورد وەکوو دکتۆر مارف خەزنەدار و دکتۆر کاوس قەفتان وحوسێن عارف وپەندی کوردی، کەبەرێز کەریم شارەزا کۆی کردوونەتەوە ، هەڵبژاردوون و کۆم کردوونەتەوە ولێم کۆڵینەتەوە وخستوومنەتە ناوباسەکە .

سەرچاوەشم لەبارەی رێزمانی کوردیەوە بە کوردی و عەرەبی وروسی وئینگلیزی بینیوەو چی لەبارەی ئامرازەوە نووسراوە بەوردی خوێندوومەتەوە وسوودم لێ وەرگرتوون .

بەشی یەکەم

(مێژووی لێکۆڵینەوەلەئامرازەکانی سینتاکسی)

زۆر لەزاناو رێزمان نووسانی کوردو غەیری کورد لە کتێبەرێزمانییەکانیاندا شتوبابەتی بەنرخیان لەبارەی ئامراز بەگشتی وئامرازی سینتاکس نووسیوە ، لەگەڵ ئەوەش نووسینەوەکە لەکەم وکورتی رزگاری نەبووە ، کەلەم لێکولینەوەیەدا بەوردی لەسەری دەدوێین . ئەمزاناورێزمان نووسانەش ئەمانەن : ک ، ک ، کورد وییڤ،چ،خ، بەکاییێڤ س، ی، سوکرمان ، تۆفیق، وەهبی، سەعید سدقی کابان ، د، ن مەکەنزی، نوری عەلی ئەمین، جگەرخوێن، محەمەد ئەمین هەورامانی، مستەفا خوڕەمدڵ، ئەحمەد حەسەن ئەحمەدولێژنەی زمان وزانستەکانی کۆڕی زانیاری کورد ودکتۆر ئیبراهیم عەزیزئیبراهیم ـ خاوەنی ئەمکارە .

جاگەر بەوردی سەرنجی ئەم کارانە بدەین ، بۆمان دەردەکەوێت ، کەلەکارەکاندا چەند ناتەواویەک هەیە بەڵکوو ئەم باسمان بتوانێ هەندێ ئەم ناتەواویانەچارەسەر بکات وبیخاتەپێش چاو . سەبارەت کارەکانی ک ،ک . کوردۆ-یێڤەوەچەند تێبینیەک بەرچاو دەکەوێت ،لەگەڵ ئەوەشدا

کە کارەکەی زانای بەرێز کوردۆ بێ گومانەلەوەی،کە کارێکی زانستیەو نووسەری بەرێز بەقوولی چۆتەناو باسەکانەوە لە رووی سینتاکسیەوە باسیان دەکات . بەرێز کوردۆ هەندێ ئامرازی بەکار نەهێناون وەکوو : (وە ، هەروەها ، بەڵکوو ، هێشتا ، ئەنجا) لەرووی مێژووی داهاتنیانەوە باسی نەکردوون ،بەرای ئەوئامرازەکانی لێکدراو کۆنترە لەهی سادە ، ئامرازی (بۆئەوەی کە ، تاوەکوو ، لەبەرئەوە چونکە)ی بەلێکدراو دانەناون لەبارەی دروستبوونیانەوە (کەی) بەئامرازدانراوە ، باسی ئامرازی گەیەنەر " کەچی" ناکات . هەروا باسی ئامرازی گەیەنەر (تا)ی نەکردووەلە کتێبی زمانی کوردی ، کەبەکوردی داینا وە دەلێت ئامرازی گەیەنەر خەبەروفعلان پێکەوە دەبەستێتەوە .

ئێمە لەمکارەماندا باسی ئەم ئامرازانە دەکەین، کە ماموستا کوردۆ بەکاری نەهێناون ، لەرووی ئەوەی ، کە باسی مێژووی ئامرازەکانی نەکردووە ، ئێمە باسی مێژووی ئامرازی گەیەنەر (کە) دەکەین، لەبابەت ئەوەی کە دەلێت ئامرازەکانی لێکدراو کۆنترن لەهی سادە ، کەبە پێی

تەرازووی زانستی زمانەوەکە وشە یان دەربڕینی تر لە سادەیەوە بوونەتە لێکدراو، جا بەمەوە دیارە کە سادە کۆنترە لە هی لێکدراو، ئامرازەکانی (بۆئەوەی کە، تا وەکوو، لەبەرئەوە، چونکە) بەئاشکرا دیارن کە لێکدراون لەدوو بەش یان زیاتر پێکهاتوون.

ئامرازی (بۆئەوەی کە) دیارە کەلەچواربەش پێکهاتووە لە (بۆ+ ئەوە+ ی + کە) ئامرازی (تاوەکوو) ئەویش ئامرازێکە ولەدووبەش پێکهاتووە، لەبەشی (تا) ، کە ئامرازێکی گەیەنەرەو (وەکوو) کەئامرازێکی پەیوەستدارەو بەهەردووکیان ئەمەیان پێکهێناوە. ئامرازی (لەبەرئەوە)ش پێکهاتووە لەدووبەش بەشی یەکەم (لەبەر)وبەشی دووەم، (ئەوە) کەراناوی نیشانەی دوورەو ئامرازی (لەبەرئەوە)ی گەیەنەری دروستکردووە.

ئامرازی (چونکە)ش هەمیسان لە دووبەش پێکهاتووە، لە بەشی (چون) کەلەبنجدا لە (چۆن)ەوە هاتوەو ئامرازی گەیەنەری (کە) شی چۆتە سەرو، ئامرازی ناوبراو دروست بووە، بەهەردووکیان ئامرازی گەیەنەری (چونکە) یان

پێکهێناوە ، لەزمانی کوردیدا (کەی) بەهیچ جورنا بێت ئامرازی گەیەنەر ، من سەبارەت بەئەوە زۆر شتم پشکنیوە نەمدیتووە ،ئەمە ئامرازی گەیەنەربێت . هەروا زۆرچیرۆکم پشکنین ، بەڵکوو رستەیەکم دەستکەوێ کە تێیدا (کەی) ئامرازی گەیەنەر بێت ، کەچی دەستم نەکەوت ، لەم دێڕەی خوارەوە بەولاوە :

پەلەی بوو

کەی

ئەگاتە کۆڵانەکە (خ،ئا ، ل ،١٧)

لەم رستە لێکدرا وەدا دەربڕینی (کەی) هەیە ، بەلام ئامرازی گەیەنەر نیە و واتای (کەی؟) پرسیار دەگەیێنێت .کە لەزمانی کوردیدا هەر بۆئەم مەبەستە بەکار دەهێنرێت نەک بەمەبەستی ئامرازی گەیەنەر .

ئێمە سەبارەت بەئامرازی (کەچی) دەدوێین هەروا بە پێی توانا هەوڵ دەدەین کە بەراوردێ لەنێوان ئامرازەکان پێشان بدەین . سەبارەت (تا)ش دەدوێین ، ئامرازەکانی گەیەنەر ناتوانن خەبەر وفێعلان بەیەکەوە ببەستنەوە هەر

وەک لەم کارەدا بەدیار دەکەوێ.

مامۆستا وزانای بەرێز چ ـ خ ـ بەکاییێف لەکارەکانیدا سەبارەت بەئامرازەکانی سینتاکسی دواوە، لەم دوانەدا هەندێ شتی باسکردووە بەرای ئێمە شێوەیەکی ترە وەک (ئەگەرکو)ی لەرووی دروست بوونەوە بەسادە داناوە،کەلێیی ورد دەبیتەوە ئەم ئامرازەسادە نیە ولێکدراوەو لە ئامرازی گەیەنەری مەرجی " ئەگەر" وئامرازی گەیەنەر"کو" پێکهاتووە، .کەلەدیا لێکتی سۆرانیدا بەرامبەری نیە،(یاکو)ی بەئامراز داناوە، بەلاّم (یاکو) ئامرازنیە چونکە لە (یا) و (کو) پێکهاتووە، (یا) لەکرمانجیدا راناوی نسبەتدارە بۆمێینەبەکار دهینریت و (ئەوەی) سۆرانی دەگرێتەوە، جاتێکرایی ئامرازەکە لەسۆرانیدا (ئەوەی کە) دەگرێتەوە دەربڕینی (ئەوەی کە) لەدیالێکتی سۆرانیدا ئامرازی، گەیەنەر نیە، ئەوەی ئامرازەلەدەربڕینەکەدا هەر تەنها (کە)یە، ئەوەی دەمێنێتەوە لە دەربڕینەکەدا وشەی (ئەوەی) لەسۆرانیدا ووشەی (یا) لەکرمانجیدا پێیان دەوترێت وشەی یان راناوی نسبەتدار. بەرووسی پێی دەوترێت

(سەئەتنەسیتلینیسڵەڤە Saotnasitetnie Slava) هــەروا بــا سی

هەندێ ئا مرا زی تر دەکا ت وەک : (ما کو ، ئەما کو ، یــا ژی

وەختێ کو ، ئوسا ژی ، هن ژی). بەرێز وهێژا مــا مــۆســتــا

بەکا یێڤچ،خ، ئا مرا زی (وەکوو)ی بەکا ر هێنا وە ، کەوا باسی

دەکا ت وەک ئا مرا زێکی گەیەنەر ، بەڵام لێکوڵێنەوەی ئێمـــەو

نموونەکا نی ئێمە لەدیا لێکتی سۆرا نیدا پێشا نما ن دەدەن ،

کە ئەم ئا مرا زە ئا مرا زێکی پەیوەستدا رە نەک گــەیــەنـــەر

هەما ن ئا مرا ز لە دیا لێکتی سۆرا نیشدا هەیە . بــەدرێــــژی

با سی (چەوا) دەکا ت وەک ئا مرا زێکی گەیەنەر، بەڵام تێبینی

ئێمە بۆ ئەوە دەچێت ، کە (چەوا) ئا مرا زی گەیەنەر نیــەو

هەروا ئا مرا زی پەیوەستدا ریش نیە چونکە (چەوا) جــێگــا ی

(چۆن؟،هەر) دەگرێتەوە لەم رووەوە (چەوا) دوو ئەرکی تــر

لە رێزما ندا جێ بەجــێ دەکا ت ، یەکێکیا ن را نــا وی پـــرس

دروست کردن وئەوەی تریا ن را نا وی دیا رخەر . ئەوکا تە (چەوا)

دەبێت بەئا مرا ز ، کەلەگەڵ ئا مرا زی گەیەنەر (کە)دا هــا ت و

دەربڕینی (چەوا کو) دروست دەبێت ..... هەردوو دکــتۆران

کەریمی رەحما نی ئەیوووبی و س . ئا ، سمیرنۆفــەی خێــزا نــی

له کتێبه‌که‌یاندا له‌ئامرازه‌کانی سینتاکسی کوردیدا دواون.
به‌ڵام هه‌ندێ ئامرازیان باس نه‌کردوون وه‌کوو ئامرازه‌کانی
(ئه‌نجا ، هێشتا ، به‌ڵکوو) ئێمه له‌م کاره‌دا به‌درێژی
باسیان ده‌که‌ین .... له‌رووی ئه‌رک وفه‌رمانه‌وه باسیان
نه‌کردوون شوێنی ئامرازه‌کانیان له‌ناو رسته‌ی کوردیدا باس
نه‌کردوون ، ئێمه ئه‌مه‌ش باس ده‌که‌ین ، ده‌ربڕینی (هه‌تاکو-
نێ)ی به‌ئامراز داناوه ، به‌ڵام له‌رووی ئه‌وه‌ی، که ئه‌مه
ئامرازێکی شێوه‌ی موکری زمانی کوردیه راسته ، به‌ڵام له
نووسینی ئه‌ده‌بیدا که‌م به‌کار دێت چونکه له‌شێوه‌ی ئاخاوتنا
زۆرتر به‌کار ده‌هێنرێن ....

دکتۆر د- ن - مه‌که‌نزی له‌کاره‌که‌یدا به‌س باسی
ئامرازی گه‌یه‌نه‌ر (که) ده‌کات له‌باسی هه‌ندێ رسته‌دا ......

به‌رێز مامۆستا تۆفیق وه‌هبی له ئامراز دواوه، ئه‌و
ناویان به‌وشه ده‌بات . به‌رای ئێمه هه‌رچه‌نده له‌رواڵه‌ت
وشه‌ن، به‌ڵام له‌ئه‌رک وئامرازی فه‌رمان دان،له‌به‌ر ئه‌وه
هه‌ر ئامرازن و وشه‌نین . به تێکه‌ڵاوی له‌سه‌ر ئامرازه‌کان
ده‌دوێت ولێکی جیا نه‌کردوونه‌ته‌وه . ئێمه له‌م کاره‌دا به‌رێک

وپێکی باسیان دەکەین ولێیان دەدوێین. ژمارەیەکی زۆری لە ئامرازەکان باس نەکردوون ولەبارەی ئامرازی گەیەنەرەوە نادوێت .....

ماموستا سەعید سیدقی کابان تێکەڵاوی وپەنا پەنا لە بارەی هەندێ ئامرازەوە دواوە. بەڵام دوانێکی کورت. لە بارەی ئامرازی گەیەنەر "کە"وە چەند قسەیەکی کردووە....

بەرێز نووری عەلی ئەمین لەئامرازەکانی کوردی دواوە، زاراوەی پێ بەستی بۆئامرازی پەیوەستدار بەکار هێناوە ئامرازەکانی (مەگەر) و (چونکە) ی بەئامرازی لێکدراو دانا ون لەرووی دروست بوونیانەوە. ئەمەیان راستەکەهەردوو ئامرازەکان لێکدراون ولەدوو بەش پێکهاتوون لە (مە)و (ئەگەر) ئەوەی تریان لە (چون) و (کە). ماموستا نووری عەلی ئەمین بەرێک وپێکی لەبارەی ئامرازەکانەوە نەدواوە. بە تێکەڵاوی باسی کردوون. نووری عەلی ئەمین (ش و)ی بە ئامراز داناوە، بەڵام لێرەدا بەلێکوڵینەوە لای ئێمە دەردەکەوێت، کەهەر تەنها (ش) ئامرازە وئامرازێکی پەیوەستداری لکاوە (و) هیچ پەیوەندی بەئامرازەوەنیە

هەروەها ماموستای بەرێز (نەء)ی بەئامراز داناوە، بەرای،
ئێمە ئەم (نەء)ە بەهیچ جۆر ناچێتەناو قالبی ئامرازی
سینتاکس بەڵکوو تەنها ئامرازی نەفیەو بۆ نەفی بەکار
دێت نەک بۆ بەستنەوەی دوو رستە بەیەکەوە لەهەندێ
گۆڤەرەکانی زمانی کوردی ودیالێکتی کرمانجی سەروو بە
(نەک) بەکار دێت ....

جگەرخوێن هەرباسی ئامرازەکانی گەیەنەر دەکات وەک
(ئەگەر، گەر، ئەر، وەر، مەگەر، هەکە، کو، هەتا، حەتا،
هنگێ) لێرەدا ئامرازەکانی (ئەگەر، گەر، مەگەر) هەر
یەک ئامرازن، بەڵام بەرواڵەتی دروست بوون لێک جیان وەک
(گەر، مەگەر) هەر ئامرازی (ئەگەر)ن هەروا (ئەر)
ئەویش هەر بەواتا و وەزیفەی (ئەگەر) بەکار دەهێنرێت .

(هەکە) لەدیالێکتی سۆرانیدا بەرامبەر (هەرکە)
دەوەستی، لەم دیالێکتەدا (هەرکە) ئامرازنیە، بەڵکوو لە
دەربڕینی (هەرکە)دا هەر (کە) ئامرازەوەبەس ، ماموستای
بەرێز جگەرخوێن (هنگێ)ی بەئامراز داناوە بەڵام بەرای
ئێمە (هنگێ) ئامرازنیە . کەبتوانێ دوو رستە بەیەکەوە

ببەستێتەوە ، (هنگێ) لەناوچەی موکری وڕوواندوز ومێرگە-سوور وسێدەکانداو هەندێ ناوچەکانی تردا بە (هەنگێ)بەکار دەهێنرێ، (هەنگێ) واتای ئەوکات دەدات ، (ئەوکات) یش لەزمانی ئەدەبی کوردیدا بەئامراز نەهاتووە ونایەت و بەکار ناهێنرێت ، هەروا (هەنگێ) نەئامرازی پەیوەستدارەو نەئامرازی گەیەنەریشە . مامۆستا جگەر خوێن بەتێکەلاّوی باسی ئامرازەکانی کردوون وباسی ئامرازەکانی پەیوەستدار ناکات ..... محەممەد ئەمیس هەورامانی لەکتێبەکەیدا باسی ئامرازی کردووە . لەباسەکەیدا رێکوپێکی نابینرێت باسی ژمارەیەکی تەواو لەئامرازەکانی پەیوەستداروگەیەنەر ناکات . باسی ئەوە دەکات کە (و) دەتوانێ جگە لەبەیەک بەستنەوەی دوو رستە دوو ناویان دوو وشەی تر بەیەکەوە ببەستێتەوە .

ئامرازی (کەوا)ی بەئامرازی گەیەنەر داناوە کەچی لە (کەوا)دا ئامرازە (کە) هەرتەنها وگەیەنەریشە ، بەلاّم (وا) پەیوەندی بەئامرازەوە نیە ،بەڵکوو هەبوونی لێرەدا بۆ بەتین کردن و واتا وئەرکی (کە)یە ، بۆ ئەمەیان

بۆ تێکڕای رای مامۆستا محەممەد ئەمین هەورامانی سەبارەت بە ئامرازی (کە) دەتوانی بنۆڕیتە کارەکەم بەکوردی یان بەرووسی ....

لیژنەی زمان وزانستەکانی زانیاری کورد بەشێوەیەکی دوورو درێژ لە ئامراز دواون وباسی ئامرازی مەبەستیان نیشانی کردووە. لەباسەکەدا لیژنەی هێژا بەداخەوە یاسایەکی زانستی بەدی نەکردووە، باسەکە هەر باسێکی ئاسایی یەوە هەروا بە شێوەیەکی رەخنەیی تەواو لە ئامرازەکان نەدواون تەنها چەند ئامرازهەیە، کەلەلایەن رێزمان نووسانەوە نووسراود چ لە وتارەکانیاندا یان لە کتێبەکانیاندا ئەوانیش تۆماریان کردووە وکۆیان کردۆتەوە لەبەر ئەوە باسەکە هەر کۆکردنەوەیەکی گشتی ئەو ئامرازانەن وبەس ولابەلایی لەسەر هەندێکیان دواون. لە باسەکەی کۆڕدا ئێمە چەند شتێکمان تێبینی کردووە. وەک :
(چون) ئامرازی سینتاکس نیەوئەوان بەئامرازیان دانا وە. ئەوەی دیارە ئەوەیە کە (چون) بۆپرسیار دروستکردن راستە ئامرازە، بەلام بۆبەستنەوەی دوو رستە بەیەکەوە ئامراز

نیە ، جا هەڵەکەی کۆڕ لێرەدایە ، کە (چون) بەئامرازی پەیوەستدار دادەنێن ودەڵێن کەئەم ئامرازە دوو رستە بەیەکەوە دەبەستێتەوە . بەشێوەیەکی تێکەڵاو باسی ئامرازەکانی گەیەنەرو پەیوەستدار دەکەن ، کەچی دەبێ هەردوو جۆرە ئامرازەکەلێک جیا بکرێنەوە ، چونکە جیاوازی زۆر لە نێوانیاندا هەیە . لەرووی دروستبوونی ئامرازەکانەوە نەدواون، دەڵێن کەئامرازی (و)ی پەیوەستکات پێشاندەدات بەڵام بەم لێکۆڵینەوەیەی، کەئێمە لەبەر دەستمانە دەر ، دەکەوێ کەئەم ئامرازە بەهیچ جۆرێک واتای کاتنابەخشێت وکاتپێشان نادات ، لەکارەکەی لیژنەدا هاتووە ، کەنەفی وئامراز پەیوەندیان بەیەکەوە هەیە ، گومان لەوەدانیە کەنەفی وئامراز پەیوەندی یان بەیەکەوە هەیە . هاتنی ئامرازی (نەفی) ــ نەــ لەزمانی کوردیدا هەندێ جارلەگەڵ ئامرازی پەیوەستدار (وەکو)و دەربڕینی (نەوەکوو)دروست دەکات وا ناگەینێ، کەنەفی وئامراز پەیوەندییان بەیەکەوە هەیە . سەرەڕای ئەوەش هەریەکە بۆ مەبەستێک لەرستەدا بەکاردێن . لیژنەی بەرێز دەڵێت (ش) بۆ بەستنەوەی دوو

رسته بەکاردێت ، بەڵێ ئەمەراستە ، بەڵام ئەگەر هات لە

ناو رستەدا لە (ش) زیاتر هیچ ئامرازی ترمان نەبوون، بەڵام

ئەگەر ئامرازی تر هەبوون وەک ئامرازی (و) بەتایبەتی

ئەوە لێرەدا (ش) ئامرازی پەیوەست نیە بەڵکوو ئامرازی

پەیوەست ئامرازی (و)ە ، (ش) لێرەدا بۆ دووبارەکردنەوە

بەکار دێت وەک بڵێین منیش ، تۆش، ئەویش ... هەروەها

لەکتێبەکەدا هاتووە ، کەدەبێت لەگەڵ ئامرازی (و)ی

پەیوەستدار (و) یەکی تربێت ، چونکە هاتنی (و)ی پەیوەستد

- ار ئامرازێکی سەربەخۆیەو توانای زۆری هەیە بۆ بەیەک

بەستنەوەی دوو رستەو ئەرکی خۆی دیارە وپیویستی

بەشتێکی ترنیە ، هەروەها سەبارەت بەئامرازی (و)ی پەیوەستدار

دەڵێین کەئەمە دەتوانێ ببێ بەبزوێن ، بەڵێ راستە (و)

پیتێکی بزوێنەرە لەزمانی کوردیدا ، کەلەقەوارەی فۆنۆتیکدا

باس بکرێت ، بەڵام گەرباسی پێکەوە بەستنەوەی دوورستەی

سادەبێت (و)پیت نیە ، بەڵکوو ئامرازە ونابێ ناوێکی تری

لێبنرێت ، لیژنەی زمان وزانستەکانی کۆڕی زانیاری کورد

باسی ئامرازی (وە) ناکات . دەڵێین، کەئەم ئامرازە

عەرەبیە وکوردی نییە . بۆیە ئێمە لێ ی نادوێین ،بە کۆڵینەوەی ئێمە لەئامرازەکانی زمانی کوردی زۆر ئامرازی (وە) کەوتوونە بەرچاو ، کەدوو رستەی بەیەکەوە بەستۆتەوە جالەبەر ئەوە (وە) ئامرازی پەیوەستدارەودوورستەبەیەکەوە دەبەستێتەوە لەزمانی کوردی ونووسینی کوردی وئاخاوتنی کوردیشدا زۆر بەرچاووگوێ دەکەوێ، گەر هەرهەمان کتێبی رێزمانی کوردی کەلیژنەی زمان وزانستەکانی کۆڕی زانیاری کورد داینا وە گومان لەوە دانیە پترلەهەزار ئامرازی (وە)مان بەرچاو دوکەوێ. بۆنموونە سەیری ئەم نموونەی خوارەوەبکەن :

لەوکارانەدا کەپاشگری (ەوە)یان بەدوادا دێ،

وە:

بەهۆی (اندن)ەوە کراون بە(متعدی).....

یان لەدەنگەوە بوونەتەکار ، (اندن) لەپێشەوە دێ.

(رێزمانی ئاخاوتنی کوردی ، ل ۱۲۲)

گەرسەیری ئەم رستەیەبکەین دەبینین (وە) وەک هەموو ئامرازەکانی پەیوەستدار دوو رستەی بەیەکەوە بەستوونەتەوە

کەئەمانەن: (پاشگری (ەوە) یان بەدوادادێ) (بەهۆی (اندن)ەوە کراون بەمتعدی).

ئێمەش لەم کارەماندا وەک ئامرازێکی پەیوەستدار باسی ئامرازی (وە) دەکەین. لیژنەی بەڕێز هەمووئامرازەکانیان لەقالبی ئامرازی (عطف)دا باسکردوون، ئەوەی، شایانی باسە ئەوەیە ، کەهەموو ئامرازەکان ناچنەپال ئامرازەکانی (عطف)ەوە .

(نە) بەئامرازی (عطف) دانراوە ،هەروەک لەپێشدا وتمان، کە (نە) ئامراز نیە بۆپێکەوە بەستنەوەی دوو رستە .

ئامرازی(کە) بەراناوی لێکدەر باس دەکەن، ئەبێ بزانین کەئامرازی کەئامرازێکی گەیەنەرە ، رستەی شوێن کەوتوو دەگەیەنێتە رستەی سەرەکی وبەهیچ جۆرراناو نیە. بۆ پتر روون کردنەوە دەتوانن سەیری کارەکەم بکەن (رستەی لێکدراوی شوێن کەوتووخواز لەگەڵ رستەی شوێن کەوتووی دیارخەری لەدیالێکتە ناوەندیەکانی زمانی کوردیدا ـ بەشی یەکەم ـ رۆلی ئامرازی گەیەنەر (کە) بەرووسی وبەکوردی

دەستنووس ـ) .

لیژنەی زمان وزانستەکان دەڵێن ، کەئامرازی (یـا) دووبارە دەکرێتەوە و (یا .... یا) دروست دەکات بەڵام بەرای ئێمەئامرازی (یا) دووبارە ناکرێتەوە بەڵکوو دەربڕینەکانی (یا ...یا) ،(یان.... یان) لە عاستی خۆیاندا ئامرازی سەربەخۆن ولەئەرک و واتادا لە(یا) جیا دەبنەوە .

لیژنەئامرازی نەفی (نە) یان بەئامرازی بەستنەوەی دوورستە بەیەکەوە داناوە ،بەڵام لێکۆڵینەوەی ئێمە (نە) هەر بەئامرازی نەفی دادەنێت وهیچ پەیوەندییەکی بە ، ئامرازی پەیوەستدا رەوەنییە .

خاوەنی کتێبی ریزمانی ئاخاوتنی کوردی ئامرازی (تا) ی بە ئامرازی گەیەنەر باس نەکردووە ودەڵێت بۆمەرجە ، کە چی زۆر ئاشکرایە کەئەم ئامرازە یەکێکە لەئامرازە باوەکانی گەیەنەری زمانی کوردی ، کەرستەی شوێن کەوتووی ئەندازەیی وئامانجی دەگەیێنێتە رستەی سەرەکی.

رێزمانی ئاخاوتنی کوڕ بەبێ کۆڵینەوە لەسەرئامرازەکا ـ نیان قسەکردووە . " بەشکوو" ئامرازێکی جیاوسەربەخۆنییە

هەروەک لیژنە باسی دەکات .بەڵکوو ئەمە حاڵەتێکی ئامرازی (بەڵکوو)ی پەیوەستدارە .

لیژنە " جگە "ی بەئامراز دانا وە ، کەچی "جگە" ئامرازێک نیەکە دوورستە بەیەکەوە ببەستێتەوە .

لەکتێبی رێزمانی ئاخاوتنی کوردیدا ھاتووە کە " هەر ' ئامرازە ئێمە لەو قەناعەتە داین کە "هەر" ئامراز نیەو راناوێکی نادیارە هیچ پەیوەندییەکی بەئامرازەوەبەگشتی وە بەتایبەتی لەئاست بەیەکەوە بەستنەوەی دوورستەنیە .

لەکتێبی ناوبراودا " هەرکە" بەئامرازی لێکدراودانانێن بەڵام کەسەیری دەربڕینی " هەرکە" دەکەین لەدووبەش پێکهاتووە لەبەشی " هەر" وبەشی "کە" ئەمەشیان لە هەمان کاتدا ئامرازە وبەڵگەی کات دەگەیەنێ.

لیژنەلەکتێبەکەیدا باسی ئامرازی "کەچی" گەیەنەر دەکات، بەڵام لەباسەکەدا بەهەڵە چوون وسەریان لێ دەرنەچووە ، کەچیە . بۆیە دەڵێت پێویستی بەلێکوڵینەوەیەکی ـ ترە ، دیارە ، کەئامرازی "کەچی" ئامرازێکی گەیەنەرەو ، رستەی شوێن کەوتووی ناچارەیی دەگەینێتەرستەی سەرەکی.

هەروا "کەچی" بەرامبەربە " ئەگەرچی" و " شەرچی" یان دانا وە ، بەڵام بەڕای ئێمە ئەمە تەواو نیەو ناتەواوو ناراستە ، چونکە هیچ پەیوەندییەکی سینتاکسی یان واتایی لەگەڵ " کەچی" و " ئەگەرچی" و " هەرچی" دانیە . ئێمە بە شێوەیەکی ترلەسەر ئامرازی "کەچی" گەیەنەر دەدوێین ....

هەروەک لەکتێبی رێزمانی ئاخاوتنی کوردیدا هاتووە کە چەند کەسێکی ترلەئامراز دواون وەک : ماموٚستا رەشید کورد لەکتێبەکەیدا " رێزمانی زمانی کوردی، ل "ناوی ئامرازدەبات بەئامرازی " پێوەند"......

مستەفا خورەم دڵ باسی هەندێ ئامرازی سینتاکسی کوردی کردووە وەک : (وا ، ئەوتوٚ ، کە ، چی، چە) بەڵام وادیارە ئەم هەموو ئامرازانە هەر تەنها " کە" ئامرازەو گەیەنەرە ، ئەوانی تر ئامراز نین ، بەڵکوو شتی تری رێزمانین وەک: "چی، چە" راناوی نادیاران "وا " دەربرینێکە دەکەوێتە سەر"کە" وئەرکی بەهێز دەکات .... ئەرنست مەکاروٚس باسی ئامرازی "کە" دەکات ودەڵێت ، ئەم ئامرازەدەتوانێ رستەی شوێن کەوتووی دیارخەری بگەینێتەرستەی سەرەکی....

ئەحمەد حەسەن ئەحمەدیش لەکارەکەیدا لەبارەی ئامرازی "کە" دواوە. ماموستای ناوبراوی بەرێز "کە" بەرانا ودادەنێت بەڵام "کە" بەهیچ جۆر رانا ونیەبەڵکووئامرازەوگەیەنەریشە.

دکتۆر کوردستانی گیوی موکریانی لە وتارەکەیدا دەڵێت، کەلەزمانی کوردیدا ئامرازی "و" دەوری ئامرازی خستنەسەر (ئیزافەت ـ نووسەری ئەمکارە) دەگێرێ تەنێ لەوبارەدا، کەدیارخەر بریتی بێ لە ئاوەڵناو. بۆوێنە:

جزیری هۆنەرێکی هەستباریک وخەیاڵ ناسک وخۆش راوێژو لێبڕاوبوو. (دیوانی جزیری) هەروا نووسەری ووتاردەڵێت، لەرستەی سەرەوەدا گەربێت ئامرازی "و" بە ئامرازی خستنەسەر (ـ ی) بگۆردرێت، ئەوا واتای رستەوسازدانی لەرووی رستەسازیەوە ناگۆڕی:

جزیری هۆنەری هەستباریکی خەیاڵ ناسکی خۆراوێژلێبڕاوبوو. دکتۆر کوردستان فاریزەش لەدەوری ئەرکی ئیزافەت دەداتە قەڵەم.

ئێمە لەئاست ئەمەوە دەڵێین، کە خستنەسەر (ئیزافەت) ئامرازنیە من لەنامەی دکتۆرای خۆمم بەئامرازلەقەڵەم

نەداوە ئەمە لەلایەک لەلایەکی تر ئامرازی "و" لێرەدا وشەکانی رستەکە، کەئەمانەن (باریک ـ خەیاڵ ـ ناسک خۆش ـ راوێژ ـ لێبڕاو) بەیەکەوە دەبەستێتەوە جیا لەرووی ئەرکەوە تۆزێک خۆی لە ئیزافەت نزیک دەکاتەوە ، ئەگینا ئیزافەت وئامرازی "و" لێک دوورن. لەبەر ئەوەش ناتوانین، بڵێین ،کەئامرازی "و" دیارخراو ودیارخەر بەیەکەوە دەبەستێتەوە، جونکە ئەوکاتە زاراوەی دیارخەرودیارخراو بەکاردێت ،کە بەیارمەتی ئیزافەتەوە پێکەوە ببەسترێتەوە یانی لەدەربڕینی سینتاکسی دیارخراو ودیارخەردا ئیزافەتیش یەکێکە لەوان ....

منیش کەخاوەنی ئەمکارەم ،لەنامەی دکتۆراکەمدا سەبارەت بەئامرازی "کە" بەتەنی دواوم ورۆڵی ئەم ئامرازەم لە گەیاندنی رستەی شوێن کەوتووی دیارخەری بەرستەی سەرەکیەوە بەدرێژی باس کردووە ، هەروا لەسەر ئەوەش دواوم، کەئەم ئامرازە دەتوانێ چەند رستەیەکی تری شوێن کەوتوو بەرستەی سەرەکیەوە ببەستێتەوە لەناو رستەی لێکدراوی شوێن کەوتوو خوازدا ، لەبەر ئەوە ناویم ناوە ئامرازی

گەیەنەری گشتی ...... بەم کورتە مێژووە سەبارەت بە نووسین لەبارەی ئامرازی سینتاکسیەوە لەزمانی کوردیدا توانیمان ئەوە بخەینە بەرچاو، کەچی لەم رووەوەنوسراوەو، ئەو هەوڵانەی، کە لێرەدا لەقەڵەم دراون چین وراستی وناتەواویان چیەوچی باسکراوە. لەگەڵ ئەوەشدا ئەوەی لەم رووەوە نوسراوە دەمەوێ دووبارەی بکەمەوە، کەکارێکی هێجگار گرنگە لەرێزمان وزانستی زمانی کوردیدا و خزمەتێکی زۆرباش دەکات.

بەشی دووەم

"ئامرازەکانی سینتاکسی"

لەم بەشەدا باسی زاراوەی ئامرازو پێناسینی ئامرازو ئامرازلە رووی دروست بوونەوەو ئامرازلە رووی ئەرکەوە دەکەین.

١- زاراوەی ئامراز

تائێستالەرێزمانی کوردیدا زاراوەی ئامرازبەوردی باس نەکراوە. کەچی دەگرێتەوە، هەروەک دیارە، کەوترا ئامراز جۆرەها شت وەپاڵ خۆی دەنێ.

وەک جاری وایەبەپێشگرو پاشگریش دەوترێت ئامراز، جگە لەوەی کەئامراز ناوە بۆهەندێ دەربڕین، کەدوورستە بەیەکەوە دەبەستێتەوە یان رستەیێک دەگەیەنێتەرستەیەکی تر هەروا بەوەش دەوترێت، کەناوی تاک دەکاتە کۆ، ناسراو نەناسراو، .... هتد.

ئامراز زاراوەیەکی باش هاتووە لەرێزمانی زمانی ئەدەبی ئیمڕۆی کوردیدا، هەر بەتەنێ لە رێزمان نەچەسپاوە، بەڵکوو لەگفتوگۆوئاخاوتنیشدا بەکاردەهێنرێت. هەروەک کابرایەکی پینەدۆز بەبزمارو چەکوش وگازوشتەپێویستیەکانی

- تر دەڵێت ئامرازەکانی پینەدۆزی.

هەندی کەس لەبریتی (ئامراز) دەڵێین، (ئامڕاز) هەر چۆنێک بێت وشەی ئامراز زۆر بەکار هاتووەولەسەرزا رسووکتر دێت لەوشەی (ئامڕاز) لەبەر ئەوەئێمە زاراوەی (ئامراز) بەکار دەهێنین نەک (ئامڕاز). لەزمانی ئەدەبی ئیمڕۆی، کوردیدا جۆرەها ئامراز هەن وەک ئامرازی: کۆ، ناسراو نەناسراو، بچووککەرەوە.... هتد. ئێمە لەم کارەدا هەر ئامرازی سینتاکس باس دەکەین بەمەبەستی ئەوجۆرە ئامرازانە، کە دوورستەپێکەوە دەبەستنەوەیان رستەیەک دەگەیەننە رستەیەکی تر.

(پێناسینی ئامرازی سینتاکسی)

ئامرازی سینتاکسی ئەو جۆرە ئامرازانەن، کەدوورستەی سادەبەیەکەوە دەبەستنەوە یان رستەیەکی شوێن کەوتوو (تابع) دەگەیەننەرستەی سەرەکی (اصلی) لەنێو رستەی لێکدراودا بەمئامرازانە دەوترێت ئامرازی سینتاکسی (ترکیبی) چونکە ئەوئەرکەی، کەجێ بەجێ ی دەکەن دەکەوێتە ناو قالبی سینتاکسەوە.

ئامرازەکانی سینتاکسیش ، کەئێمە لەم کارەداقسەیان لەسەر دەکەین ئەمانەن : "ئێستا ، وە ، بەڵام ، ئەوسا ،بەڵکوو ،ش ، ئینجا ،یا ، ئەگینا ، وەکوو ، و ، کە ،بۆئەوەی کەچی ، تا ، چونکە ، ئەگەر ، بۆیە".

ئامرازلەرووی دروست بوونەوە

ئامرازەسینتاکسیەکانی زمانی کوردی لەرووی ساختمانەوە دەکرێن بەدوو بەش ، ئامرازی سینتاکسی سادە وئامرازی سینتاکسی لێکدراو .

١ـ ئامرازی سینتاکسی سادە :

ئەم ئامرازانە سادەن ولەیەک بەش پێکهاتوون. وبریتین لە .

(ئەوسا ،بەڵکوو ، وەکوو ،بۆئەوەی، کەچی، چونکە ،ئەگەر).

ئەمانەش ئەو جۆرە ئامرازانەن کەلە دووبەشیان پتر پێکهاتوون وپێکەوە ئامرازی سینتاکسیان دروستکردووە . لە زمانی ئەدەبی ئیمڕۆی کوردیدا ئامرازە سینتاکسیەکانی لێکدراو ئەمانەی سەرەوەن کەباسمان کردن.

ئەوەی شایانی باسە لێرەدا ئەوەیە ،کە ئێمەناتوانین

لەمکارەدا بەتەراوی بچینەبنج وبنەوانی مێژووی، ئامرازەکانی سینتاکسی کوردی، بەڵکوو ئەوە پێویستی بە لێکوڵینەوەیەکی تایبەتیهەیە ، کەئەم گیروگرفتەچارەسەر بکات ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەتوانین هەرچۆنێک بێت لە ئاستئامرازە سینتاکسیە لێکدراوەکانەوە بدوێین وبە هۆی رواڵەتیانەوە بتوانین قەناعەتی ئەوە دروستبکەین کەئامرازەکانی سەرەوە لێکدراون وسا دەنین ، لێرەدالەسەر هەرئامرازە سینتاکسیە لێکدراوەکان دەدوێین .

ئەوسا :(ئەودەم ـ ئەوکات)

بەلێکوڵینەوەو وردبونەوە لەمئامرازە بۆمان دەردەکەوێت ، کەئامرازێکی لێکدراوە ، چونکە لەدووبەش پێک هاتووە . لە (ئەو) و (سا). جالێرەدا (ئەو)رانا وی(ضمیر) نیشاندانەبۆدوورە لەهەمان کاتدا راناوی جودای کەسی سێ یەمی تاکە ـ (سومشخص مفرد) (سا)لە ساتەوە هاتووە کەواتای کاتدەدات .بەشی (سا) هەروالە (سات)ەوە کورت کراوتەوە ، ئیتر (ئەو) و (سا) بەهەردووکیان(ئەوسا)یان پێکهێناوەو لەرێزماندا دەتوانێ دووڕستەبەیەکەوە

ببەستێتەوە وەک :

کەریم هێندێک دانیشت ئەوسا دەستی کرد بەقسەکردن.

بەڵکوو :

لێرەدا دیارە ، کە (کوو) بەشێکە لەدروستکردنی ئامرازی لێکدراوی (بەڵکوو). (کوو) لەعاستی خۆیدا ئامرازێکی گەیەنەرەلەدیالێکتی کرمانجی سەرودا . ئەم ، ئامرازە تواناییەتی، کە زۆر ئامرازی لێکدراو دروست کات . لەبەر ئەوەی کە لەرێزمانی کوردیدا زۆر شت هەیە هەردوو دیالێکتەکە لێک نزیک دەکەنەوەوبەیەکی دا دەنێن جالەمانە (کوو)ە . ئەمەهەرچۆن لەوێدا دەتوانێ ئامرازی لێکدراو دروست کات ئاواش لێرەدا دەتوانێ، هەبوونی ئەمەش سەرەڕای ئەوە وادەگەیەنێ کەلە دیالێکتی کرمانجی خواروودا ئامرازی (کوو) هەیە ، بەڵام لەوشوێنانەدا خۆی شاردۆتەوە وماوەتەوە . بەشەکەی تری ئامرازی مەبەست (بەڵ)ە کەبەشێکی نادیارەو بێ واتایە . هەبوونی بەس بۆدروستکردنی ئامرازی ناوبراوە . بەوردبوونەوە لەم بەشە دەردەکەوێت لە (بەڵام) یان(بەڵان)ەوە هاتبێت

پاشکەوتنی (ام)،(ان) لەیەکەم ودووەمدا ، ئەمەش بەڵگەی قدنا عەتی راستی تەواو ناگەینێ.

رەحمان زۆری خۆ ماندووکرد بەڵکوولە کارەکەی داسەرکەوێ وەکوو :

ئامرازێکی لێکدراوە لەدوو بەش پێکهاتووە لەبەشی (وە) و بەشی (کوو).(وە) ئامرازێکی پەیوەستدارە لەزمانی کوردیدا - دوایی قسەی لەسەر دەکەین .(کوو) ئامرازێکی گەیەنەری دیالێکتی کرمانجی سەرووەوبەشداری لەدروست بوونی (بەڵکوو) کردووە- بڕوانە بەڵکوو- . هەردوو ئامرازەکان ئامرازی لێکدراوی مەبەستیان دروستکردووە .

بۆئەوەی:

ئەمەشیان لە (بۆ)و (ئەوەی) پێکهاتووە- (بۆ)ئامرازێکن بەکاردێت بۆوەپال نان .(ئەوەی) لەعاستی خۆیدا لە دوو بەش پێکهاتووە لە (ئەوە)و (ی)- (ئەوە) راناوی، نیشاندەرە بۆ دوور، بەلام (ی) ئیزافەتە. لەخۆیدا (بۆئەوەی) ئامرازی (کە)شی لەگەڵ بووە ، بەلام (کە) لەئامرازەکەدا نەماوەو (ی) ئیزافەتی تێدا ماوە، کە (کە)ی بە (ئەوە)

دەبەستێتەوە .

کەچی:

ئەمئامرازە لەئامرازی گەیەنەر (کە) ورانانوی نادیاری شت (چی) پێکهاتووە (کە) ئامرازێکی گەیەنەری زمانی کوردی یە- بەدرێژی قسەی لەسەر دەکەین - . (چی)رانوێکی نادیارە . هەروا دەتوانی بیێ بەئامرازی پرسیار ورستەی پرسیاری دروست کات .

چونکە :

ئەمەیان لە (چون) وئامرازی گەیەنەر (کە) پێکهاتووە بەوردبونەوە لەبەشی یەکەمی(چون) دەردەکەوێت ، کەلە (چۆن)ەوە هاتووە ، کەئامرازێکی پرسیارە لەپاشان پیتی (ۆ)ی بووە بە (و) و (چون) دروست بووە .

دیارە - چونکد زۆر باسمان کردووە- بەشی دووەمی چونکە کە (کە)یە ئامرازێکی گەیەنەرە وفرە بەکارهاتووە و زۆر ، بدشداری دروست بوونی ئامرازی لێکدراو دەکات هەرواش لێرەدا خۆی لەگەڵ(چون) لە(چونکە)دا رێکخستوەو ئامرازی گەیەنەری (چونکە) دروست بووە .

ئـــەگـــەر :

ئـەم ئامرازەش لەدووبەش پێکـهاتووە لـەبەشــی (ئە)و (گەر). بەڵگەش بۆئەوەی، کەئەمەئامرازێکی لێکدراوەئەوەیە کە (گەر)بەتەنها بەکاردێت وجاری واش هەیە ئامرازی نەفی (مە) وەردەگرێت و (مەگەر) دروست دەکات پیتەقالبی(ئـە)ش هەروەک دێتە پێش چاو بۆدووپاتی بەکاردێت. هێـزی ئــــەم ئامرازە بەپیتە قالبی (ئە) زیاترەلەوەی ، کە بەبێ ئــەم پیتەقالبە....بێت . لەهەندێ گۆڤەرانی زمانی کوردیــــدا (هەگەر)یش هەیە . ئەمەوا دەگەینێ کە(ئەَ) جێگای (هـــە) ی گرتۆتەوە (هە)ش لە(هەر)ەوە هاتووە وەکَ چۆن (هــەرکــە) هەیە. بەڵام لێرەدا پیتی (ر) کەوتوەو(هە) ماوەتەوە. هـەر بەمپێیەش (ئە)لە(ئەر)ەوە هاتووە پاش کەوتنی پیتــی (ر). هەندی جار لەدیالێکتی کرمانجی خواروودا لەبریتی (ئەگەر) (ئەر) بەکاردەهێنرێت. لەدیالێکتی کرمانجــی ســەروودا (ئەر) بە(ئەگەر) واتا دەگەیەنێ وەک ئەو بەبڵاوی بـەکـار دەهێـنرێـت ...

" ئـــامـرا ز لەرووی ئەرکەوە "

ئامرازە سینتاکسیەکان ، کەلێرەدا باسیان دەکەین ئەرکێکی زۆر گرنگیان هەیەکەبریتی یەلە پێکەوەبەستنەوەی دووڕستە یان پێوەستکردنی ڕستەیەک بە یەکێکی تر . جا بەپێی ئەمکارەی، کەئێمە لەبەر دەستمانە وتێیدا باسی ئامرازە سینتاکسیەکان دەکەین ، دەکرێن بەدووبەشەوە بەشی پێکەوە بەستنەوەی دووڕستە ، ئەمەیان پێیان دەوترێت ئامرازی سینتاکسی پێوەندی ئەوانەی ڕستەیەک بە ڕستەیەکی - تر پێوەست دەکەن پێیان دەگوترێت ئامرازی سینتاکسی پێوەستی . هەربەشە لەوانەدا ئامرازی خۆی هەیە وئەرکی تایبەتی جێ بەجێ دەکات .

کەواتە ئامرازەکانی سینتاکس لەڕووی ئەرکەوە ئەکرێن بەدوو بەشەوە :

١- ئامرازی سینتاکسی پێوەندی .

٢- ئامرازی سینتاکسی گەیەنەر .

بەشی سێهەم وچوارەمی ئەم کارە سەبارەت هەریەکەیانە .

بەشی سێیەم

" ئامرازی سینتاکسی پەیوەستدار ،پێوەندی"

لەم بەشدا باسی جۆرەکانی ئامرازی پەیوەستدارو پێوەندی جۆرەکانی ئامرازی پەیوەستداردەکەین .

١ـ " زاراوەی ئامرازی سینتاکسی پەیوەستدا رپێوەندی"

لەکتێبەکانی رێزمانی کوردیدا زاراوەی تریش هەیە بەکار دەهێنرێت بەهەمان مەبەست . هەروەک مامۆستا سەعید سدقی کابان زراوەی عەتفی (عطف) بەکار هێناوە... مامۆستا تۆفیق وەهبی (لێکدەر ، بەندی، یەک خەر)ی بەکاربردووە.... پرۆفیسور قەناتی کوردۆـ ک ـک ـ کوردۆیێڤ زاراوەی(پەف گریگ)ی بەکارهێناوە... مامۆستا نووری عەلی ئەمین (پێ بەست)ی بەکاربردووە...مامۆستا رەشید کورد (پێوەند)ی بەکارهێناوە....،مامۆستا جگەرخوێن تیپی (پێوەند)ی بەکار هێناوە...، لیژنەی زمان وزانستەکانی کۆڕی زانیاری کورد زاراوەی (عطف) بەکارهێناوە...،

ئێمەلەم کارەدا باش دەزانین، کەزاراوەی پەیوەستدار بەکار بهێنین چونکە ئەم ئامرازانە پەیوەستی لەنێوان دوورستەدا پەیدا دەکەن، بەمەوە توانای پەیوەستیان هەیە لەبەرئەوە ناویان دەبەین بەئامرازی پەیوەستدا رووشەی پەیوەستدار لەدوو بەشپێک هاتووە لەبەشی (پەیوەست)و بەشی (دار). پەیوەست بەواتای پەیوەندی بەکار دەهێنرێت

بەشی (دار)ئامرازێکە بۆدروستکردنی دارێژراو بەکار دەهێنرێت هەروەک : سەردار ، عیلمدار ، زامدار ، خەزنەدار ... هتد . ئەم ئامرازە واتای هەبوون دەگەیەنێت ، کە (دارد)ی فارسی دەگرێتەوە ، واتای تێکڕای ئامرازەکە " ئامرازی پەیوەست هەیی"ە .

ئامرازەکانی پەیوەستدار لەزمانی کوردیدا ئەمانەن :
ئێستا ،وە ،بەڵام ، ش، ئینجا ،و ،یا ،ئەگینا ، ئەوسا ،بەڵکوو وەکوو .

-٢-" جۆرەکانی ئامرازی سینتاکسی پەیوەستدار "

ئامرازەکانی سینتاکسی پەیوەستدار لەزمانی ئەدەبی ئیمرۆی کوردیدا دەکرێن بەچوار بەشەوە :

١- ئامرازی پەیوەستداری پێکەوەبەستنەوە .

٢- ئامرازی پەیوەستداری عەتف.

٣- ئامرازی پەیوەستداری لێک جیاکەرەوە .

٤- ئامرازی پەیوەستداری هامبەریەک.

١- ئامرازی پەیوەستداری پێکەوەبەستنەوە :

لەم زمانەدا دووئامرازی پەیوەستداری پێکەوەبەستنەوە ،

هەن، کەبریتین لەئامرازەکانی:

(و ،ش).

١- ئامرازی پەیوەستداری پێکەوەبەستنەوەی"و":

لێرەدا ئامرازی "و" کەئامرازێکی هێجگار باووبەلاوە وبەکارهاتووەو ئامرازێکی پەیوەستداریشدا ، دوورستەیسادە بەیەکەوە دەبەستێتەوە بەستنەوەیەکی تەواو ،بۆنموونە :وەک

تۆهەتەتیغی دەبان

و

من هەمەتیغی زبان

فەرقی ئەم دووتیغەهەروەک ئاسمان وریسمان (پەندگەریم ل - ٢٩) لەمرستەیەدا دیارە ،کە"و" هەردوو رستە سادەکانی (تۆهەتەتیغی دەبان) ، (من هەمەتیغی زبان) پێکەوە بەستوونەتەوە بەستنەوەیەکی تەواو ، لەرستە پەیوەستدارەدا دوو فاعیل هەیەلەگەڵ دووفێعل، یانی بۆهەر رستەسادەیە فاعیل وفێعلی خۆی هەیە دەشبێ بۆهەردوورستەکەیە فاعیل هەبێ ودوو فێعل ، بۆنموونە :

ئافرەتێکی سەرەدڵی لەرزی

و

ڕەنگی زەرد هەڵگەڕا ـ (ک ژـ ث، ل ـ ٤)

تەماتەماسی بگری

و

تەرنەبی

قوماربازیش بی

و

ئاخر شەرنەبی (پەند ـ کەریم،ل ـ ٤٧)

یان بەپێچەوانە لەرستەلێکدراوە پەیوەستدارەکەدا دوو فاعیل ویەک فێعل هەیە . بۆنموونە :

ئەوببێت بەکوڕی ئەم

و

ئەمیش بەباوکی ئەو (ک ـ ژ ، ت ، ل ـ٩٠)

لەمرستەیەدا ، کە رستەیەکی لێکدراوەی پەیوەستدارە فێعل لەرستەی سادەی دووەمدا نییە ، کەدەبوایە (ببێت)بێ هەروەک دەبوو رستەسا دەکە (ئەمیش ببێت بەباوکی ئەو) لێرەدا فرمانی (ببێت) نیە ،کە فێعلی رستەکەیوماوەتە

(ئەمیش بەبا وکی ئـەو) .

سەبا رەت کا تی فێعلەکا نی ئەمرستا نەوە ،کەبەیا رمـەتـی ئا مرا زی "و"ی پەیوەستدا ر بەیەکەوە . دەلکێن دەبینیـن ، کەلەرستەکا ندا دیا رە ،فرما نی هەردوو رستەکا ن دەبێ لەیەک کا تدا بن ولەگەڵ یەک بگونجێن، لەرستەی لێکدرا وی پەیوەستد ـ اری، یەکەم فرما نی هەردوو رستەکا ن لەیەک کا تدا ن ، کـە هەردووکیا ن کا تی ئێستا ن (هەتە ،هەمە)، کەلـەچـا . وگـی (هەبوون)ەوە ها توون، هەروا لەرستەی لێکدرا وی دووەمیشدا فرما نی هەردوو رستەکا ن لەکا تی را بردوو دا ن (هەلگـەرا ، لـەرزی) .

لەرستەی لێکدرا وی پەیوەستدا ری سێیـەمیشدا کـا تـی فرما نی دێری یەکەم لەنموونەکەدا لەکا تـی ئێستـا دا ت ، فرما نی رستەی یەکەم موسبەتە وهی دووەم نەفی یە .

ئا مرا زی پەیوەستدا ری "و" دەتوا نێ دوو وشـەیێـکـەوە ببەستێتەوە بۆنمـوونە :

خەیا ڵی ئا ش (و) ئا شەوا ن جوێیە

هیچیا ن نا زا نن دا نیا ن لەکوێیـە (پەندکەریم ـ ل ـ ٤٠)

پارەی بەخشندە (و) ئاوی ناوبێژنگ

وەک پشکۆیە کەبکرێتەناوچنگ (پەند ـ کەریم، ل ـ ٤١)

ب ـ ئامرازی پەیوەستداری پێکەوە بەستنەوەی "ش"

ئەمئامرازە دەتوانێ بەتەواوی دوورستە بەیەکەوە ببەستێتەوە، بۆنموونە:

من عەیشانم خۆش ئەوێ، ئەویـ

ش

منی خۆش ئەوێ (ئەـ ک ـ ل ـ ٤٠)

ئامرازی (ش) لێرەدا رستەی (من عەیشانمخۆش ئەوێ)و (ئەومنی خۆش ئەوێ) بەیەکەوە بەستوونەتەوە،لەم رستە لێکدراوە پەیوەستدارەدا هەر رستەیەفاعیل وفێعلیتایبەتی خۆی هەیە، مەرجە لێرەدا یانی بەیارمەتی (ش) رستەکان هەریەکە فاعلی خۆی هەبێت، بۆنموونە:

ئەویان بەکوڵنگ ئەرزی ئەکۆڵی منیـ

ش

بەخاکەنازخۆڵەکەیمدەرئەدا(ئە،ک،ل ـ ٨)

لەمرستەلێکدراوە پەیوەستدارەدا بۆهەررستەیەفاعیلی

تایبەتی خۆی هەیە ، رستەی یەکەم وشەی (ئەویان) کەرانـاوی جودای کەسی سێیەمی تاکەفاعلی رستەکەیە . لەهی دووەمـدا وشەی (من) کەراناوی جودای کەسی یەکەمێ تاکە قاعیلـی رستەکەیە . هەروا لەمرستەلێکدەرانەی، کـە ئـامـرازی پەیوەستداری"ش" وەزیفە دەبینێ فێعلی رستەکـان لـەرووی کاتەوە خاسیەتی تایبەتی خۆیان هەیە ، وەک بەزۆری فرمانـی هەردوو رستەکان لەیەک کاتدا دەبێ بۆنموونە :

هەندی ئامۆژگاری حەسەنیان کرد ، ئەوی

ش

بەسەر بادانەود لەخەڵکەکە جیابووەوە ،(ئە ـ ک ـ ل ـ ١٢)

لەمرستەیەدا فرمانەکانی" ئامۆژگاری کرد"و " جیابووەوە" کەچـی رستەی یەکەم ودووەمن لەیەک کاتدان ، هـەردووکیان لەکاتی رابردوودان . هەروا هەردووکیان دەتوانن لـەکاتـی ئێستادابـێ . بۆنمـوونە :

خەڵکی خۆیان لەمن کۆدەبنەوە ،ئەمنیـ

ش

قسەی راستیان لۆدەکەم (ئە ـ ک ـ ل ـ ١٥)

جاری وا دەبێ، کەکاتی فرمانی رستەکان رابردووبێ هەریەکەجۆرە رابردووێکە هەروەک لەمرستەی خوارەوەدا دیارە بۆنموونە :

ئەوچاوەروانی دەمی منی ئەکرد، منیش

چاوەروانی وتەیەکی کاریگەری تەڕوبڕبووم (ک ـژ، ت،ل٨٢)

لەمرستەلێکدراوە پەیوەستدارەدا رستەی یەکەم فرمانێکی کاتی رابردووی بەردەوامە وشەی(ئەکرد)فرمانی رستەی دووەمفرمانێکی کاتی رابردووی دوورە وشەی(چاوەڕوان بووم)

مەرج نیە لەرستەلێکدراوە پەیوەستدارەکاندا یان لە هەموو رستەیەکی تردا پیتی (ش) هەبێ وەک ئامرازی پەیوەستدار ،بەڵکوو ئەمپیتە دەتوانێ ئەرکی ئامرازی دووبارە کردنەوەش جێ بەجێ بکات ،کە جێگای (الفبا) ی عەرەبی بگرێتەوە بۆنموونە :

ئەوئەچێ بۆماڵەوە ،ئەبێ منیـ(ش) بچم بۆماڵەوە .

(ش) لێرەدا ئامرازەبۆ دووبارەکردنەوە بەکاردەهێنرێت و لەمرستەیەدا بۆئەمەبەکارهاتووە .

٢ـ ئامرازی پەیوەستداری عەتف:

لێرەدا هەرئامرازی (بەڵام) هەیە کەدەتوانێ رۆڵی عەتف بگەیەنێ، ئەمجۆرەبۆزۆر ئامراز ناوبراوە، کەهەموو ئامرازەکانی پەیوەستدار دەگرێتەوە. ئەوە لەرێزمانی کوردیدا زۆر بەرچاو دەکەوێ لەقسەکردن ونووسیندا .

بۆنموونە:

ئەمیرلێرەدا ویستی بدوێ،

بەڵام

هەرچی لەسەریابوو لەناکاوفڕی. (خ- ئا - ل - ٧)

رستەی لێکدراوی پەیوەستداربەیارمەتی ئامرازی پەیوەستداری عەتف (بەڵام) دەبێ لەدووموبتەدا یان فاعیل پێکهاتبێ ،ئەمەش بەزۆری بەرچاو دەکەوێت . بۆنموونە:

دەمم هەڵ هێنایەوە وەرام بدەمەوە،

بەڵام

تەپەتەپی پێی وەستاو وەستاژن دەم کوتیکردم (ک،ژ،ت،ل ٨٢).

لەمرستە لێکدراوە پەیوەستدارەدا فاعیلی رستەی یەکەم

(م)ە ، کەرانا وی لکا وی کەسی یەکەمی تاکە ، ڤاعیلی دووەم کۆمەڵەفاعیلی (تەپە تەپی ، پێ ی وەستا وەستا ژن) .

شۆخی جوانی بەدرەوشت
وەک ژاڵەء ئاڵە تاڵە
بەلام
یاری خۆش سروشت
کانگەی کەماڵە ، ماڵە
من بێ دەنگ بووم وهیچ قسەیەکی ترم پێ نەکرا ،
بەلام
ئەوکاتێک چاوی لەقووڵایی ئاسمان داگرتەوەو
لای دانەسەرروخساری من (ک،ژ ، ت، ل، ٥١) .

سەبارەت فرمانی رستەلێکدراوە پەیوەستدارەکان کەبە یارمەتی ئامرازی (بەلام) لێکدراون پێویستە بزانین کە فرمانەکانی رستەکان دەبێ هەردووکیان لەیەک کاتدا بن یان لەکاتی لێک جیا ،جاری وا هەیە هەردووکیان لەکاتی رابردوودا . بۆنموونە :

هێشتا منال بووم ،کەدایک وباوکمان ئەمری خوایان

بەجێ هێنا ،

بەلاّم

براکانم برابوون، لێمبێزارنەبوون وبەدەستمەوەوەڕەس ،

نەبوون، (ک ، ژ ، ت ، ل ، ١٠٨).

هەرواکاتە رابردوودکانیان لێک جیابن ، بۆنموونە :

ئافتاویش وەک هەموو رۆژانێ پیالّەکانی ئامادەکرد ،

بەلاّم

بۆچی بەتایبەتی یەکێکیانی لەوەکانی تربا شتر ئەشت

(ک، ژ ، ت ، ل، ٧٦).

فرمانی رستەی یەکەم "ئامادەکرد" فرمانێکی رابردووی

سادەیە ،فرمانی رستەی دووەم (ئەشت) فرمانێکی رابردووی

بەردەوامە . دەشبێ، کەفرمانەکانی رستەکان لەکاتی جیابن

بۆنموونە :

راستە ، خوازەلیلی کردووم

بەلاّم

ئەتوانم ،خۆم بژیەنم (ک ، ژ ، ت ، ل، ١٠٨).

فرمانی رستەی یەکەم " کردووە " رابردووی (کامیلە و

فرمانی رستەی دووەم کاتی ئێستایە " ئەتوانم"
ئەشزانم کە ئێمە ئەسرۆوەک زوربەی رۆژانی تر ،لەگۆشتی ،
چەورروو چەوریمان نەبووە ،

بەلاّم

هەرقایلم (ک ، ژ ، ت ، ل ، ۶۴).

فرمانی رستەی یەکەم (نەبوو) رابردووی نەفی یە ،فرمانی رستەی دووەم کاتی ئێستایە (قایلم).

٣ـ ئامرازی پەیوەستداری جیاکەرەوە ؛

ئەمەشیان لەزمانی کوردیدا هەرئامرازی(یا) بۆجیا کردنەوە بەکار دەهێنرێت. هەندی جاربە (یان) بەکار ، دەبردریّ نموونەبۆئامرازی "یا "

چەندی خەریکی ئاووگلّ ئەبووین

یا

بەسەربادا ئەهاتین ئەچوین

قسەهەزارە هەردووی بەکارە

وەکوئاوها تین وەکوو با ئەڕۆین(پەندـ کەریم ،ل، ١٥٨).

لەم رستەلێکدراوە پەیوەستدارەدا ئامرازی (یا)

توانیویەتی رستەسادەکانی (چەندی خەریکی ئاووگڵ ئەبووین) و (بەسەر بادا ئەهاتین ئەچووین) بەیەکەوە ببەستێتەوە، ئامراز لێرەدا لەرووی واتاوە یەکی جیا کردنەوە دەدات بە دەستەوە، هەروا لەرستەکەدا دیارە ، کەزوربەی ئەم جۆرە رستانە یەیارمەتی (یا) یەک موبتەدای هەیە.

ئەم ئامرازە دەتوانێ دوو وشەیان دووکۆمەڵە وشە بەیەکەوە ببەستێتەوە لەناو رستەیەکی سادەدا ، بۆنموونە :

تۆبەخێونا کەم بۆخەو وخواردن

(یا) وەک هەندێ کەس بۆچاو شۆڕکردن

کوڕم نەتبیستووە مەشوورتر لەگشت

سەربۆسەربڕین نەک بۆسەرزەنشت (پەند ـ کەریم).

ئامرازی "یا "ی ئێرەکۆمەڵە وشەی (بۆخەوە وخواردن)ی بە کۆمەڵە وشەی "وەک هەندێ کەس بۆچاو شۆڕکردن" بەستۆتەوە.

٤ـ ئامرازی پەیوەستداری هامبەری(؟):

لێرەدا ئامرازی"ئەوسا" خۆی خستۆتەئەم قەوارە ،وەبەواتای هامبەری بۆئەومەبەستە لەوازەی "ئەوسا " کەلک وەردەگرێن وەک :پشوویەکمدا ،

ئـەوسـا ،

روانیمە دەورو پشتم (خ، ئا ، ل، ٣٧).

لەمرستەیەدا ئامرازی (ئەوسا) توانیوویەتی ،کەهەر دوو رستەکانی (پشوویەکمدا) ، (روانیمەدەورو پشتم)بەیەکەوە ببەستێتەوە ئەم رستانە یەک موبتەدایان هەیە ودووخەبەر کەفرمانەکانیان لەکاتی رابردوون . بۆنموونە :

سەرێ راوەستا ، وەکوو جارێکی تر بەخێرهاتنم بکات ،

ئـەوسـا

کەوتەچاوگێران وەکووبیەوێ یەکێک ببینێ(خ،ئا ،ل، ٤١).

لەمرستەلێکدراوە پەیوەستدارەدا ئامرازی (ئـەوسـا)ی پەیوەستدار واتای (ئەوکات) دەگەیەنێ . لەزمانی کوردیدا زۆرجار دووشەی (کات)،(سات) دەگرێتەوە ، کەواتە "سات " " کات "ە ، بەڵام پیتی "ت" لە "سات " دا نەماوە وزۆرکاری، گفتوگۆو نووسین خستوویەتی وماوەتەوە "سا ". گەلی جاری واش هەیە ، لەبریتی "ئەوسا " "ئەوجا " دروست دەبێ وبەکار دەهێنرێت . بۆنموونە :

کەینێ کلی حوشتری بگاتە عەردی ،

ئـەوجـا

ئەتـووش دەبیە ئەفەندی (ئە،ک ل، ٣– ١).

لێرەدا "ئەوجا "لـەبریتی ئامرازی "ئەوسا "بەکارهاتـووەو، دوورستەی بەیەکەوە بەستوونەتەوە– "ئەوجا " لـە" ئەو"و"جار" پێکهاتووە. وشەی"جا " یانی" کات ـ سات "، بەڵام لێــــرەدا پیتی" ر " کەوتووە، هەرچبون پیتی "ت" لـە" سات"ەوەکەوتبوو لەوێشدا ماوەتەوە"جا " بەواتای "جار"و"ئەوجا "دروست بووە.

هەندێ ئامرازی سینتاکسی پەیوەستدار هەن، نـــاچــنــە پاڵ ئەو بەشانەی سەرەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشـدا ئـامـرازی سینتاکس پەیوەستدارن کەیەکەیەکەباسیان دەکەیـن :

ئـــا مــــرازی پەیوەستداری یا ... یــا

ئەمئامرازە یەکێکە لەئامرازەکانی سینتاکسی پەیوەستدار کەدوورستە بەیەکەوە دەبەستێتەوە وواتای هەڵبــــژاردن، دەگەیەنێ "اختیار" بۆنمـــوونە :

ریگەیەکی تر بدۆزمەوە بۆنان پەیداکردن یاکۆڵ هەڵگری یا کرێکـاریش بێت . (ک،ژ، ت، ل، ٦٩).

لەمرستەلێکدراوە پەیوەستدارەدا ئامرازی "یـا ... یـا "

بەکارهاتووە ،کە توانیوویەتی رستەی" کۆڵ هەڵگری"کە رستەیەکی بێ خەبەرە بەرستەی "کرێکاریش بێت " ببەستێتەوە خەبەری رستەی یەکەم لەرستەلێکدراوە پەیوەستدارەکەدا هەمان خەبەری رستەی دووەمە.

هەندێ جاری تروا تای ئیحتیمال دەگەیەنێ. بۆنموونە:

گوللەپارچەقورقوشمێکە ولەشێوەی ناوکەخورمایەکدایە...

لەلوولەیەکی باریکەوە دەرئەپەری یانەی کری یانای گرێ

(ک، ژ، ت ،ل، ٧٢)

لەمرستەیەدا یەک موبتەدا هەیەو دووخەبەر، خەبەریرستەی یەکەمموسبەتە، بەلام خەبەری رستەی دووەم نەفیە بە یارمەتی ئامرازی "یا "ی نەفی.

ئامرازی پەیوەستداری بەڵکوو:

بەڵکوو ئامرازێکی بەکارهاتوبلاوەلەزمانی ئەدەبی ئیمڕۆی کوردیدا . هەروا زۆربەکاردەهێنرێت بۆبەیەکەوە بەستنەوەی دوورستەی سادە، بۆنموونە:

من قوتابخانەی شارەکەمانم تەواوکرد، لەزانستگای بەغداش دەرچووم، بەوەش نەوەستام،

بـەڵکـوو

کۆتایيم بەزانستگایەکی ئەورووپاش هێنا (ئە،ک،ل،١٠٤)

لەمرستەلێکدراوە پەیوەستدارەدا ، کەبەیارمەتی ئامرازی "بەڵکوو" بەیەکەوە بەستراو نەتەوەیەک ، موبتەدا ـ فاعیل ـ هەیە ـ جاری واش دەبێ بۆهەر رستە سادەیە موبتەدای تایبەت هەیە .بۆنموونە :

ئەیویست ،بۆیەکەمجار داخی دڵی بۆشلەشاریەبگێڕێتەوە ،
بەڵکوو
ئەمەخوایە ئەوباسەبچێتەسەرزبان ولێوێک
(خ ـ ئا ـ ل ـ ٤١)

لەمرستەلێکدراوە پەیوەستدارەدا ، هەررستەسادەیەموبتەدای تایبەتی خۆی هەیە ، موبتەدای رستەی یەکەم فاعیلێکی نادیارە بۆکەسی سێ یەمی تاک "ی" کەبەفرمانی"ئەیویست "ەوە لکاوە ،بەڵام موبتەدا لەرستەی دووەمدا وشەی "باس" .

جاری وایە دەبێ لەرستەی یەکەمدا راناوێک یان ناوێک هەبێت بۆپەیدا کردنی نسبەت لەنێوان هەردوورستەسادەکاندا تا بتوانێ بەئامرازی (بەڵکوو) کارخۆی بکات ـ ئەمەوا

دەگەیەنێ ، کەگەلێ جار " بەڵکوو " کاری خـــۆی دەکـــات ،
بەهەبوونی ئەمجۆرەناو ،تەناسوبیانە ناوە تەناسوبیەکـــان
بەزۆری دەربڕینی یان شەوی "تەنیا "نەوەکو "نە . بۆنموونە :

قارەمانی چیرۆکەکەم تەنیا ئایشەخان نەبوو ،

بەڵکـــوو

دلاوەریش بوو ،

(نەـ ک ـ ل ـ ۱۴۱)

دەنگوباسی دۆزینەوەی ئەمگەنجینەیە نـەوەکوو تەنیـا لە
گەرەکی ئێمەدا بلاوبووەوە ،

بـەڵکـــوو

بەرگوێ ی هەموودا نیشتوانی شارکەوت .

(ئە ، ک ،ل، ۱۸).

لێرەتێبینی دەکرێت ، کەبەکارهێنانی ناوی تەناســوبـــی
"تەنیا "لەرستەی یەکەمدا دەبێ فرمانی هەمان رستـە لـــە
حالەتی نەفیدا بێتە بەلام گەر ناوی تەناسوبی "نەوەکـوو "
بوو دەبێ فرمانی رستەی یەکەم لەحالەتی نەفیـدا بێت .بەلام
گەرناوی تەناسوبی "نەوەکوو " بوو دەبێ فرمانی رستـــەی

یەکەم لەحاڵەتی موسبەتدا بێت . فرمانی هەردوو رستەکان دەبێ لەیەک کاتدا بن ـ بۆنموونە :

لەراستیدا کابرا ئەم وشەی تەنیا بەئێمەنەووت ،

بەڵکوو

هەمووکوڕەکانی ئەوناوە گوێیان لێ بوو . (ئە،ک،ل، ۹)

هەندێ جاریش وارێک دەکەوێت ، کەفرمانی یەکەم فرمانی داخوازی وەی دووەم کاتی ئێستایە . بۆنموونە :

دڵ لەمیحنەت کەیلە ،

بەڵکوو

زوو دەرچم لەشار

ئیمڕۆ رۆژێکەلەجەمعی مەردوومان بگرم کەنار (پەندەکەریم ـ ل ـ ٨٠)

ئامرازی پەیوەستداری وەکوو :

"وەکوو" یەکێکەلەو ئامرازانەی، کەدوو رستەی سادە بەیەکەوە دەبەستێتەوە ، بۆنموونە :

ئاغاش بێ وچان ئاوری ئەدایەوە بۆی ئەخنایەوە ،

وەکوو

بیەوێ دڵ نەوایی (خ- ئا - ل - ١٩)

ئامرازی "وەکوو"وەنەبێ هەرتەنها دوورستەبەیەکەوە ببەستێتەوە بەڵکوو سەرەرای ئەوەش دەتوانێ بەکار بهێنرێ وەک ئامرازی "وەک یەک" ئەمەش لە رەوانبێژی کوردیدا زۆرباش بەکاردەهێنرێ. بۆنموونە:

لەورۆژەهەستمکرد، شتێک لەگیانما ئەبزوێت،

وەکوو

منالێ لەدایک نەبوو ئەیەوێت بێتەدەرەوە. (خ،ئا ،ل،٤٣)

ئامرازی "وەکوو"ی یەکەم ئەرکی هەر تەنها لەبەیەکەوە بەستنەوەی دوو رستەیە،بەڵام هی دووەم سەرەرای ئەمئەرکەی هەربۆ وەک یەکەو وەک یەکی پێشان دەدات. لەبەر ئەوە لە نێوان ئەم هەردوو ئامرازانەدا کورتە جیاوازیەک هەیە. ئامرازی یەکەم لەهی دووەم زۆرتر دەچێتەپاڵ قەوارەی سینتاکسیەوە. ئامرازی وەکوو جاری واهەیە، کەئامرازی نەفی "نە" وەردەگرێت. بۆنموونە:

شارەکەی ئێمەش خۆی ئامادەئەکرد،

نەوەکوو

رۆژی لەرۆژان جەنگ بکەوێتەلای ئێمەشەوە . (ئە ،ک،ل،٦)

نموونەی بەکارهێنانی ئامرازی "وەکوو" زۆرن هەروەک لە خوارەوە دیارن:

ئەم دەم ولچەمنی یە

وەکوو

شارستانیەکان بپارێمەوە . (ئە ،ک ل، ٤٤)

هەرئەمەی وت ،

وەکوو

گرێ ی زبانی کرابێتەوە ،یان تینێکی نووری رژا بێتە دەماریەوە . خ ، ئا ،ل، ٤١

ئامرازی پەیوەستدار "ئینجا":

ئامرازی پەیوەستداری ئینجا یەکێکە لەئامرازەکانی زۆربەکارهاتوو . بۆنموونە :

ئیتر گۆپانەکەی لەشانی دامالێ وبەکەمتەر خەمی یەکەوە ، هاویشتی یە سووچێکی عەلاف خانەکەوە ،

ئینجا

کەوتەخۆتەکاندن لەوتۆزوخۆڵەی لەسەر جلەکانی

کەڵەکەبوو بـوون .

(ک ـ ژ ـ ت ـ ل ـ ٦٥)

ئامرازی ئینجا سەرەرای پێکەوە بەستنەوەی دووڕستەی سادە بەیەکەوە واتای "لەپاشان"یش دەگەیەنێ . بۆنموونە :

دیارەسەرخەوێکی بۆئەشکێنن،

ئینجا

لەخەوهەڵئەسن ومیوەئەخۆن .(ئە ـ ک ـ ل ـ ٢٥)

نموونەکان پێشانی دەدەن ، کەلەهەردووڕستەکانی ئـێرەدا دەبێ یەک موبتەدا (فاعیل) هەبێ. بۆنموونە :

چاوی کردەوە کەمێک تێی روانیم ،

ئینجا

ووتی: ئاخۆزگەپارچەزەویەکی خۆمئەبوو .

(خ ـ ئا ـ ل ـ ٤٤)

لەمڕستەیەدا فاعیل راناوی کەسی سێیەمی تاکەو بۆهەردوو ڕستەکان بەکارهاتووە . هەروانموونەکان ئەوە پێشان دەدەن ، کەدەبێ فرمانی هەردوو ڕستەکان لەیەک کاتدابن، لێرەدا بەزۆری لەکاتی رابردوودا دەبن. بۆ

نموونه :

دووسێ جار ئەملاوئەولای ژوورەکەی کرد ، جگەرەیەکی داگیرساند ، ئینجا بەتوورەییەوە ووتی: سووتاندم ،لەناوم برد .

(ئە ،ک ،ل، ١١٨)

ئامرازی پەیوەستداری "ئەگینا ":

ئەمەشیان لەئامرازی پەیوەستدارەکانەوزۆر بەکاردێت بۆنموونە :

بەس خوابکا منالەکانمان فێری کفرو زەندەقەنەکەن. ئەگینا چاکە ئەبێتە خراپە . (خ- ئا - ل - ١٨)

دەروێش کاکەڵڵا پیاوێکی خواناسە ، لەراستی دا هاتنی شاری تەنیا بۆئەوەیەنوێژی جومعەی لێ بکا ، ئەگینا بۆبازاروشتومەک کڕین حەمەدمستەفای کوڕی هەموو هەفتەیەک دێ بۆشار . (ئە- ک - ل - ٢٢،٢٣)

ئەورستانەی کەبەیارمەتی " ئەگینا " بەیەکەوەدەبەسترێتەوە دەبێ بۆهەر یەکەموبتەدای تایبەتی هەبێ.بۆنموونە :

قوربان تۆباسی ئەم نوێژەت هێنایەناوەوە،

ئەگینا

نەمن نەتۆ هیچ کامێکمان نەچووین بۆنوێژ. (ئە،ک،ل، ٦٦)

وادیارە ئیشی چاک قەت لەتۆوە ناوشێتەوە،

ئەگینا

چۆن بەمئاسانی یەلەداخستنی قوتابخانەیەک ئەدوێیت.

(خ، ئا، ل ٢٨)

لەمهەردووڕستانەی سەرەوەدا لەهەرڕستەیەکدا دوو موبتەدا هەیە: لەرستەی یەکەمدا موبتەداکان وشەکانی "تۆ،ئەمن، نەتۆ" موبتەدان وەلەهی دووەمدا وشەی "ئیشی چاک"و راناوی لکاوی کەسی دووەمی تاک، کەلەفرمانی "ئەدوێیت" دا دیارە،

ئامرازی پەیوەستداری"وە"....

"وە" ئامرازێکی پەیوەستدارەولەزمانی ئەدەبی ئیمڕۆی کوردیدا بەرچاو دەکەوێ. بۆنموونە:

ئەمەیەکەمین جاربوو، کەحاجی برایمم،ئەدی،

وه

دواجارم بوو ، کەهێلکەم لەدا پیرەئا یشێ کڕی.

(ئە ـ ک ـ ل ـ ٨٦)

کابرا شێتۆکەیە ، بەساویلکەیی ئەم کردەوانە ئەکـــــاو ،

هیچیشی لەبـارانی یـــە ،

وه

ناتوانێ کارلەخەڵکی بکا (ئە ـ ک ـ ل ـ ٥)

ئەڵڵا بەرەکەت یاخوا هەموورۆژی کوێخاکەریمکوڕی بێ ،

وه

کوێخا رەحیمیش کچ. (ئە ـ ک ـ ل ـ ٢٩)

کوێخاکەریم بریاری لەسەرهەمووشتێک ئەدا ،

وه

هەمین وئەستیش وەکودووخوشکی ژنی ئەمدووبــــرایـــــــە

تێکەڵی هیچ کەین وبەینێک نەئـەبوون. (ئە ـ ک ل ـ ٣٠)

ئـــــا مـــرازی پـــەیـــوەســتـــداری ئێستـــا :

ئەمەیان هێجگار زۆر کەمبەکار هاتووە لەزمانی ئەدەبی

ئیمڕۆی کوردیدا ، سەرەتای واتای کاتیش دەگـــەیـــــەنـــێ

بـــۆنمـــــوونــــە :

ئەوما م قیتەلەسەرەتا دا چەند رقی لەمنا لّەبوو ،

ئێستـــا

سەدوو بگرەهەزا ر ئەوەندەش خۆشی ئەویٚ.

(ک ــ ژــ ت ــ ل ــ ٩٥)

رستەی لێکدرا وی پەیوەستدا ر ، جا ری وا هەیە دروست دەبێ

بەبێ هەبوونی ئا مرا زی پەیوەستدا ر لێرەدا تەنها بەکۆما

(فا ریزە)"، " بەیەکەوەدەبەسترێنەوە . بۆنموونە :

قسەی کورت درێژ مەکە ،

ڕێگەی نزیک دوور مەکە ،پەند ــ کەریم ــ ل ــ ١٠٨)

ئەمجۆرە رستا نە دەبن یەک موبتەدا بن ودوومو بتەدا یی بن

بـــۆنمـــوونە :

ئەچمەشا رێ کەس نەمنا سێ

خۆمهەڵئەکێشم پڕ بەکرا سێ.

(پەند ــ کەریم ،ل،٤٣)

لەمرستەیەدا فا عیل را نا وی لکا وی کەسی یەکەمـــــــی

تا کە "م" کەبەفرما نی "ئەچم"و "هەڵئەکێشم"ەوەلکا وە .

باران ببارێ ئاشم ئەگەڕێ

باران نەبارێ جووتم ئەگەڕێ

(پەندکەریم - ل - ٤٩)

لەم رستە یە دا دوو موبتە دا هەیە ، موبتە دای رستەی یەکەم و وشەی " ئاشن " ە و هی دووەم ووشەی "جوٶت " ە ٠

فرمانی رستەکان بە زۆری لە یەك کاتدا دەبن چ هەردووگیان لە کاتی ئێستا دە بن یا لە کاتی رابردوو ٠ بۆ نموونە :

بە خاڵۆ هات بە لامەوە

بوو بەمژدیها دای بە پامەوە

(پەند : کەریم - ل - ٥٤)

فرمانی رستەی یەکەم " هات " کاتی رابردووە و فرمانی دووەم " دا " کاتی رابردووە

دۆست ئەوەیە ئەمگرینێ

دوژمن ئەوەیە ئەمکەنێنێ

(پەند . کەریم)

هەر دوو فرمانەکان لە کاتی ئێستا دان وەك " ئەمگریەنێ " و " ئەمکەنێنێ " ٠

بەشی چوارەم

"ئامرازی سینتاکسی گەیەنەر"

لەم بەشەدا ،کەبەشی چوارەمی کارەکەیە باسی زاراوەی ئامرازی سینتاکسی گەیەنەر وجۆرەکانی ئامرازی سینتاکسی گەیەنەر دەکەین.

١- "زاراوەی ئامرازی سینتاکسی گەیەنەر"

زاراوەی گەیەنەر لەبەشی "گەیەن" وئامرازی "ەر" پێکهاتووە. ئەمەلە رووی دروستبوونەوە وایە. لەلایەن رێزمانووسانی کوردەوەئەم زاراوەیە بەکارنەهاتووە. لەلای مامۆستا حەسەن ئەحمەد حەسەنەوە.... بەکارهاتووە مامۆستای بەرێز ئامرازەکان بەئامراز ناونابات ، بەڵکوو ناویان بەرانا و دەبات هەرچەندە رانا ونین وئامرازن....، بەڵام ئێمەوا بەباش دەزانین ،کەزاراوەی "گەیەنەر" بەکار بهێنین ،چونکە ئەمزاراوەیە لەهەموزاراوە بەکارهاتووەکانی تر جێگیرترە. ئەمزاراوەیە لەچاوگی "گەیاندن"ەوەهاتووە .بەمەبەستی گەیاندنی شتێک بەشتێکی ـ ترەوە ، وەک گەیاندنی رستەیەک بەرستەیەکی تریان بەواتایەکی تر وەک گەیاندنی رستەی شوێن کەوتووبەرستەی

سەرەکی لەنێو رستەی لێکدراوی شوێن کەوتووخوازدا .

٢- " جۆرەکانی ئامرازی سینتاکسی گەیەنەر "

لەزمانی ئەدەبی ئیمڕۆی کوردیدا ئامرازی گەیەنەرچەند جۆرێکی هەیە ، ئەمانەش وەک هینەکانی خوارەوەن:

" کە ، بۆئەوەی، کەچی ،تا ، چونکە ، ئەگەر ،بۆیە ،".

ئامرازی گەیەنەری " کە "،

ئامرازی گەیەنەوی(کە) لەرووی ئێتمۆلۆزیەوە دەگەڕێتەوە سەر بناغەی پرسیارداری "کا "،" کێ = " ی فارسی کۆن .

لەراستیدا ئەمئامرازە دەگەڕێتەوەسەر فۆڕمی راناوی خۆیی حالەتی کراو "مەفعوولی"ی "کەهیە" کەلەئاڤێستادا ، "کەهیا " دەگرێتەوە، هەرئەویشە ، کەزۆر بەباشی بەکار دەهێنرێت . هەروا دەگەڕێتەوەسەربناغەی بنجی راناوی نادیاری "کەشجی" ،" هەرکەس"" کەسێک". ئەمانەی، کە لێکۆڵینەوە دەکەن، گەیشتوونەتە ئەوە ، کەئەم ئامرازە لەزمانی فارسی کۆندا وەکوو راناوی کەسی بووەوبەکاریان دەبرد بەناوی "نوقام" ئەمەش وەک دەربڕینێکی بچووککراو بەخشە دەکەوێتە پێشی بۆتەواوکردنی واتاکەی وفراوان .

کردنەوەی. لەفارسی کۆندا "کە" وەک راناوی نسبەتدا ربەکار نەهاتووە، بەڵام هەر لای زانایانی زمان دیار دەکەوێ کەئەمئامرازە پرسیارەنادیارەونەناسراوە، کەفۆڕمی "کا، کێ"ی هەبووە ووردەووردە لەزمانی فارسیدا لەگەڵ "کو" بەکارهاتووەو بەفراوانی بەدیارکەوتووە. لەرووی سینتاکسیەوە وەک وشەی پرسیارو ئامرازی گەیەنەری رستەکان بەیەکەوە بەکاردێت،ئەموشانەبۆ دروستکردنی فۆڕمی رستەی لێکدراوی شوێن کەوتووخواز زۆر بەکارهاتن، کە دەیانتوانی جۆرەها رستەی شوێن کەوتووبگەیەننە رستەی سەرەکی، وشەی "کێ" دەتوانرێ بەکاربهێنرێت وەک راناوی پرسیارونسبەتدار"کێ" دەکەوێتە دوای ناوی گیانداروبێ گیان.

وشەکانی "کا،کو" بەفراوانی وەک ئامرازی گەیەنەر بەکار دەهاتن ئەموشانەووردەووردە بەپێی رۆژگار واتای وشەیی خۆیان ون کرد.

لەکاتێکی زووی زمانی فارس نوێدا دەوری راناوی، نسبەتدار"کی" وئامرازی "کا،کو" دێتەپێشەوە،لەسەرەتاوە

لەرۆڵی ئامرازی " کی" دەوری دەگێرا ، کەهەر وەکوو ئامرازی گشتی وەستا ومایەوەو وەک راناوی نسبەتدار بەکارهات لەگەڵ ئەوەشدا لەزمانی دانیشتوانی ئەسفەهان هەر وەک م، یەخەر لەکتێبەکەیدا (سبک شناسی یا تاریخ تطور نثرفارسی (سدملی) (آ) تهران ١٣٣١ل، ٢٠٧ (محمدتقی بهار ـ ملک الشعراء) دەڵێت ، کەتا ئێستا ئامرازی گەیەنەر"کو"..... ماوەتەوە هەروا لەهەندێ سەرچاوەکانی تازەدا لەگدڵ "کێ" "کو"ش بەکاردێت . هەروەها بەهار دەڵێت بوونی " کی " بە" کە" دەگەڕێتەوە سەدەی (٩)ی کۆچی یانزیکی سەدەی نۆیەم، هەروا هەرلەمسەدەیە " کی" ماوەتەوە، بۆیە بەکارهێنانی وەک پرسیار ولەگەل ئەودا "کاە"بەکاردێت بەکارهێنانێکی لابەلای،وە بەتایبەتی لەزارگۆنەدا ، هەروەها بەهاری بەرێز دەڵێت ،کە" کە " لەکۆندا هەمیسان بەواتای "هرکس" " هەر کەس" بەکارهاتووە ، بۆنموونە :

خدا را ندا نست وطاعت نکرد

کەبربخت وروزی قناعت نکرد

هەمان دێربە"هرکس" واتاکەی ناگۆڕی بۆنموونە :

خدا را ندا نست وطاعت نكرد

هركس بربخت وروزی قناعت نكرد " دانەر "

لەبەرهەمی كلاسیكی دا ئامرازی "كە" وەك "كجا"دەتوانرێ بەكاربهێنرێت . گەلێ جار لەبەرهەمی ئێستاشدا بەكاردێت دەشتوانرێ وەك ئامرازی گەیەنەری بەكاربێت بەتایبەتی لەزمانی فارسیدا . بۆنموونە :

یكی خوب چهره پرستندە دید

كجا نام اوبودگُرد آفرید (فردوسی شاهنامە)

ئامرازی "كە" لەزمانی ئەدەبی ئیمڕۆی كوردیشدا هەیە و وەك ئامرازی "گەیەنەر"بەكاردێت ـ ئەمئامرازە لەم زمانەدا هێجگار باو وبلاّوەوبەكارهاتووەبۆنموونە :

.... كەچی ئێستا دوای چارەكەسەعاتێك ،دوای هێندەی، كە

تەنها بگاتە خەستەخانەوبێتەوە ،وەك پەیكەرێك لەبەر دەممدا ئەچەقێ، ئەڵێ:ـ مرد... (ك ـ ژ ـ ت ـ ل ـ ۴۷)

ئامرازی "كە"ی گەیەنەر دەتوانێ جۆرەها رستەی شوێن كەوتوو بگەیەنێتە رستەی سەرەكی لەنێو رستەی لێكدراو ی

شوێن کەوتووخوازدا ،وەک رستە شوێن کەوتووەکانی:موبتەدایی خەبەری ، بەرکاری،کاتی، دیارخەری، ئامانجی ومەرجی و روون کەرەوەیی .....،

١ـ ئامرازی "کە" رستەی شوێن کەوتووی موبتەدایی دەگەیەنێتەرستەی سەرەکی :

دیارە،

کە

دەوران ئەبلە پەرستە

هۆشیا رودا نا رووی لەنووشوستە . (پەند ـ کەریم ـ ل ٨٤)

لەمرستەلێکدراوە شوێن کەوتووخوازەدا ئامرازی " کە" رستەی " دەوران ئەبلە پەرستە"ی گەیاندۆتە رستەی سەرەکی، کەرستەیەکی شوێن کەوتووی موبتەدایە :

٢ـ ئامرازی گەیەنەر "کە" رستەی شوێن کەوتووی خەبەری دەگەیەنێتەرستەی سەرەکی:

بەخێر نۆزدەسالێت تەمەنەوهێشتا بەوەت نەزانیوە ،

کە

چای شیرین مانای خۆشەویستی یە(ک،ژ،ت،ل، ٧٩)

هەستی بەوەکرد،

کە

پێویستە قسەیەک بکات. (خ، ئا، ل، ٢٠)

من خۆم بەوە ئەزانم،

کە

ئاوەها ملت ئەشکێنم بۆخوارەوەودۆزەخت نیشان

ئەدەم. (ک،ژ، ت، ل، ٨).

لەم هەرسێ رستانەدا رستەکانی (چای شیرین مانای

خۆشەویستی یە، پێویستە قسەیەک بکات، ئەوەها ملت ئەشکێنم

بۆخوارەوەو دۆزەخت نیشان ئەدەم) رستەی شوێن کەوتووی

خەبەرین وبەیارمەتی ئامرازی "کە"ی گەیەنەر گەیشتوونەتە

رستە سەرەکیەکان.

٣- ئامرازی "کە" رستەی شوێن کەوتووی بەرکاری دەگەیەنێتە

رستەی سەرەکی:

ئەوساتە بڕوای هێنا،

کە

ئەگەر برا لەپشت برا بێ، ئەوەخوشکیش بۆ،

رۆژی خۆی لەبرا زۆرترە   (خ،ئا ،ل،٦،).

ئێستەش ئەبینم ،

کە

ئەوعەهدەی لەبیربردۆتەوە

ئەوگرێەی بۆمن لەدڵیا بووهەمووی نیشتۆتەوە ،

(پەند ،کەریم ،ل،٤٩)

هەوڵم ئەدا تێی بگەیەنم ،

کە

تەنها بۆمەشق کردن ئەچین

(ک، ژ ، ت ، ل ، ٦٩)

لەم سێ رستەلێکدراوە شوێن کەوتووخوازانەدا رستەکانی (ئەگەر برا لەپشت برا بێ، ئەوە خوشکیش بۆروژی خۆی لەبرا زۆرترە ،ئەوعەهدەی لەبیربردۆتەوە ، تەنها بۆمەشق کردن ئەچین)رستەی شوێن کەوتووی بەرکارین وەڵام لەسەرپرسیاری چی؟دەدەنەوە بەیارمەتی ئامرازی "کە"ی گەیەنەر گەیشتوونەتە رستەی سەرەکی.

٤- ئامرازی "کە" رستەی شوێن کەوتووی کاتی دەگەیەنێتە

رستـــەی ســـەرەکـی.

کـــە

خـــەزاڵ لـەدایک بوو ، هێشتا کاوڕسەرنەبڕا بوو

کـــە

تـەزووی ئازاری ئەشکـــی

بـەباوێـشکـی ....

ئەچێتەوەدۆخـــی جـارا ن

وەک نـەبای دیبێ ونەبارا ن.(پەند ،کەریم ،ل، ۴۶)

لـەبەر ئـەوە زۆرجـار ،

کـــە

چاخانەکەی چۆڵ ئـەبوو. ئەها تەلام.

(ک،ژ ، ت ، ل ، ۵۸)

لەمسێ رستە لێکدراوە شوێن کەوتوو خوازانەدارستەکانی (خەزاڵ لەدایک بوو ، تەزووی ئازاری ئەشکی بـەباوێشکی... ، چاخانەکە چۆڵ ئەبوو)رستەی شوێن کەوتووی کاتین و وەڵام لە سەرپرسیاری "کەی؟" دەدەنەوە وبەیارمەتی ئـامرازی "کــە" گەیشتوونەتە رستەی ســـەرەکـی.

٥ـ ئامرازی "کە" رستەی شوێن کەوتووی دیارخەری دەگەیەنێتە رستەی سەرەکی:

تا دوێنێش لەشەرموتەریقی یا ئارامم لەبەر ئەبڕاو
جێگەم بەخۆم نەئەگرت، کەچی بێ ئارامی ئەڕۆم، ئەنجامی
ئەوئەفسانا وی یەیە،

کە

گیان وهۆشمی هێنا وەتەجۆش وخرۆش

(ک، ژ، ت، ل، ٧٦)

بەردێک،

کە

نەزان بیخاتە ناوئاو

دەرنایە بەسەد عاقڵی بەناو . (پەند، کەریم، ل، ٥٥)

لێرەشدا رستەکانی "گیان وهۆشمی هێنا وەتە جۆش وخرۆش، نەزان بیخاتە ناوئاو)رستەی شوێن کەوتووی دیارخەرین و، وەڵام لەسەرپرسیاری (کامە؟) دەدەنەوەو بەیارمەتی ئامرازی "کە" گەیشتوونەتە رستەی سەرەکی....،

٦ـ ئامرازی "کە" رستەی شوێن کەوتووی ئامانجی دەگەیەنێتە

رستەی سەرەکی.

تەنها ئەموتەیەبەس بوو بۆئەوەی

کە

ئافتا ولەوپەڕی مەبەستمتێ بگات .

(ک ،ژ ، ت، ل ۸۲)

بەزگی برسی وبەزگی تێرین

لێمان ناگەڕێن،

کە

خۆش رابوێرین . (پەندکەریم)

لێرەشدا رستەکانی (ئافتا ولەوپەڕی مەبەستم تێ بگات ،
خۆش رابوێرین)رستەی شوێن کەوتووی ئامانجین.

۷- ئامرازی "کە" رستەی شوێن کەوتووی مەرجی دەگەیەنێتە
رستەی سەرەکی.

هەرشوێنی،

کە

ئاو گرتی ئاوایە

دێمەکارکێلان رەنجی بەبایە (پەندکەریم.ل.۴۳)

کــه

پشیلــەی ڕاوکەر لەماڵانــەما

مشک ئەکەوێتەنلیلی وسەمـا (پەندکەریم.ل،٦١)

کــه

دوژمنت کــەوت.

تۆپێی پیامــەنێ

زەبوون کوژمەبەلای خوالا مەنێ (پەند،کەریم،ل،٥٩)

لێرەدا ڕستەکانی "ئاوگرتی وایە، پشیلەی ڕاوکــەرلـــه ماڵانەما ،دوژمنت کەوت) ڕستەی شوێن کەوتووی مەرجین وبــه یارمەتی ئامرازی گەیەنەر" کە" گەیشتوونەتەرستەی سەرەکی ئامرازی گەیەنەری "کە"ی ئێرە جێگای ئامرازی گــەیــەنــەر "ئەگەر"ی گرتۆتەوە،

١ـ ئامرازی "کە" ڕستەی شوێن کەوتووی ڕوون کــەرەوەیــــی دەگەیەنێتە ڕستــەی ســەرەکی.

وامئــەهات بــەبیرا،

کــه

ئیتــرلەسەیرکردنی تێرنەبم.(ک،ژ،ت، ل،٨١)

خۆ دەروونیشم جۆشێکی وەها ی سەندبوو ،

کە

ئەت ووت (ئا گری نەورۆزی)تیا کرا وەتەوە

(ک،ژ ، ت ، ل، ٨١)

ئەمڕۆ وا هەست بەخۆم ئەکەم ،

کە

هێزێکی ئەفسا نا وی لەنا خی دڵ ودەروونما رەگی دا کوتا وەو

ئا را می لەبەربڕیووم. (ک ،ژ ، ت ، ل، ٧٥)

لەمرستەلێکدرا وا نەدا رستەکا نی (ئیترلەسەیرکردنی

تێرنەبم، ئەت ووت ئا گری نەورۆزی تیا کرا وەتەوە ،هێزێکی

ئەفسا نا وی لەنا خی دڵ ودەروونما رەگی دا کوتا وە وئا را می

لەبەر بڕیوم). رستەی شوێن کەوتووی روونکەرەوەیین وبە

یا ر مەتی ئا مرا زی "کە" گەیشتوونەتە رستەی سەرەکی.

٢- ئا مرا زی گەیەنەر "بۆئەوەی":

ئا مرا زی" بۆئەوەی" یەکێکەلەئا مرا زەگەیەندرەکا ن ، کە

دەترا نێ رستەی شوێن کەوتووی بگەیەنێتەرستەی سەرەکی

بۆنموونە :

کاکە سووروعەیشان پێ یەکیان کردبەدوو ،

بۆئــــەوەی

دوانەکەون (ئە،ک،ل،٢٩)

لەمرستەیەدا ئامرازی "بۆئەوەی" توانیویەتی رستـــەی شوێن کەوتوو ،" دوانەکەون" بگەیەنێتەرستەی سەرەکی کـاکـە سووروعەیشان پێ یەکیان کردبە دوو) لەرستەی لێکــــدراوە شوێن کەوتوو خـــوازەکـەدا .

ئامرازی (بۆئەوەی)ی گەیەنەر واتای (تا ،تا وەکوو ،هەتاکوو)ش دەگەیەنێ .بـۆنمـوونە :

بەراستی زۆربە پەرۆش بووم ،

بۆئــەوەی

ئەوپیاوەببینم. (خ، ئا ، ل ٤٠)

لەمرستەیەدا دەتوانین لەبریتی "بۆئەوەی"ئامرازەکانــی (تا ، تا وەکوو ،هەتاکوو) دابنێین بێ ئەوەی واتــاکــــەی بگــــۆڕێ، بـۆنمـوونە :

بەراستی زۆر بەپەرۆش بووم ،

تــــا

ئەوپیاوە ببینم.

بەراستی زۆربەپەرۆش بووم،

تا وەکوو

ئەوپیاوەببینم.

بەراستی زۆر بەپەرۆش بووم،

هەتاکوو

ئەوپیاوەببینم.

ئەورستەیەی کەئامرازی "بۆئەوەی"ی گەیەنەر دەگەیەنێتە، رستەی سەرەکی، شوێن کەوتووی ئامانجی یە. بۆنموونە:

هەندێکیان چووبوونەسەرپەرژینی قوتابخانەکەی ئێمە و باخچەکەی یانەی فەرمانبەران،

بۆئەوەی

بەباشی چاویان بەخاوەن شکۆبکەوێ

(ئە، ک، ل ٥٦)

رستەی (بەباشی چاویان بەخاوەن شکۆ بکەوێ)رستەیەکی شوێن کەوتووی ئامانجیە. رستەی شوێن کەوتووی ئامانجی لە زمانی کوردیدا زۆرن. بۆنموونە:

ئیستگەی بێ تەلی لەندەن وبەرلین بوو بوونە نەزرگای ئەوخەڵکە ، بۆئەوەی

گوێ لەهەوالّی جەنگ بگرن. (ئە،ک)

لەمجۆرەرستەلێکدراوە شوێن کەوتوو خوازانەدا فرمانی رستەی شوێن کەوتوو ناتوانێ لەیەک کاتدابن ،بەڵکووهەردەم لەکاتی جیاجیا دەبن. بۆنموونە :

ناوەناوەبۆمەشق کردن شەیپووڕلێ ئەدرا ، بۆئەرەی

خەڵکەکە دوکان وبازار دابخەن وخۆیان لەنزیکترین جێگەی خۆشاردنەوەدا بشارنەوە.

فرمانی (لێ ئەدرا) لەسیغەی مەجهول ـ شاراوە ـ دایە بەلاّم فرمانەکانی (دابخەن، بشارنەوە) لەسیغەی فرمانی مەنسووب دان.

ئامرازی گەیەنەر" بۆئەوەی "دەتوانێ بکەوێتەبێشەوەی رستەوناوەڕاستی رستە . بەلاّم بەزۆری دەکەوێتەناوەوەی ، رستە . بۆنموونە :

گەلێ کەس هەتائەوانەی رێگاشیان بەبەردەرگای سەدرادا

نەبوو پیاسەیەکی ئەو ناوەیان ئەکرد،

بۆئەوەی

سەروسوراخێکی ئەڵمان کوردی بزانن . (ئە،ک،ل ۶)

لەم رستەیەدا ئامرازکەوتۆتە ناوەوەی رستەهەروادەشتوانێ بکەوێتە پێشەوەی. بۆنموونە:

بۆئەوەی

دەرگای گفتوگۆی والا بکەمەوە،

هیچم نەدۆزیەوە . (خ،ئا ،ل،۲۸)

ئامرازی گەیەنەری "کەچی"

ئەم ئامرازەش لەزمانی ئەدەبی ئیمڕۆی کوردیدا دەتوانێ رستەی شوێن کەوتووبگەیەنێتە رستەی سەرەکی .بۆنموونە:

بەشەووبەرۆژ لەژێر رەهێڵەی بەفروبارانا لەژێرقرچەی هەتاوا توانا بنێژە، هێزبڕێژە،

کەچی

هەمووی بۆئاغا بێت . (خ، ئا ، ل ، ۴۴)

لەم رستەلێکدراوەشوێن کەوتوو خوازەدا ئامرازی"کەچی" واتیویەتی رستەی شوێن کەوتوو (هەمووی بۆئاغا بێت)

بگەینێتە رستەی سەرەکی . بەم جۆرە رستە شوێن کەوتووانە دەوترێت رستەی شوێن کەوتووی ناچارەیی . بۆنموونە :

لەمسەرباسی خێزانەکەمم لەمێشکم دوور ئەخستەوە ،

کەچی

لەوسەربەبێ ئەوەی بەخۆم بزانم پیایا ئەچوومەوە .

(ک، ژ ، ت ، ل، ٧٥)

لەم رستەیەدا رستەی (لەوسەربەبێ ئەوەی بەخۆم بزانم پیایا ئەچوومەوە) رستەیەکی شوێن کەوتووی ناچارەیی یە .

فرمانی خەبەری هەردوو رستەکان لەم جۆرە رستانەدا دەتوانن لەیەک کاتدا بن یا لەکاتی لێک جیا ،بۆنموونە :

تەنها بۆنان خواردن ئەهاتمە دەرەوە ،

ئاخری هەرتووشیش ئەبووم .

لەم رستەیەدا فرمانی خەبەری رستەی سەرەکی فرمانی " ئەهاتمە "یەو فرمانی خەبەری رستەی شوێن کەوتوو فرمانی "ئەبووم"ە هەردووکیان لەکاتی رابردووی بەردەوامن . فرمانەکان دەتوانن لەکاتی ئێستادا بن. بۆنموونە :

بەقورِم گرت تا ئیبلیس وجنۆکەکانیش بەرەمەزان خۆیان

ئـەشـا رنـەوە ،

کـەچـــی

ئێوەبەناخێرتان وا زنا هێنن. (خ،ئا ،ل،٥٦).

لای ئێمەکردنەوەی قوتابخانەیەک چەندگرانە ،

کـەچـی

داخستنی چەندئاسانە ،بەراستی ئەمەنەگبەتی یە .

(خ، ئا ، ل، ٢٩)

هەروا دەبێت فرمانەکان لەکاتـی جیابن .بۆنموونە :

ئەوفەرموویەتی خڕنـی یە ،

کـەچـی

ئێمەئەڵێین خڕە . (خ،ئا ، ل، ١٩)

فرمانی رستەی سەرەکی لەکاتی رابردوودایە ،بەڵام فرمانی رستەی شوێن کەوتوو لەکاتی ئێستادایە . شوێن ئـامـرازی گەیەنەر " کەچی" لەرستەی لێکدراوی شوێن کەوتوو خوازدا ، هەر ناوەراستی رستەکانەو دەکەوێتەنێوان رستـەی شـوێن کەوتوو وسەرەکی . بۆنموونـە :

خوا عـەیبـی بزنـی خستووەتەروو ،

کەچی

کلاوی کردووەبۆبەرو .

ئەبێ دەست ماچ کەن، کەلەدێ یەکی وەها دووردا قوتابخانە کراوەتەوە، کەچی

هەربا وکەومنا لەکەی نانێری،هەرباوکێکی ترەبەهانە ئەدۆزیتەوەو کوڕەکەیدەرئەهێنی. (خ،ئا ، ل، ۲۷)

پەلامارم دا یەکەمێکی بکوتم،

کەچی

ئەو شەینانە وەک کەروێشکێک لەژێر چنگما قەڵەمبازی داو، بۆی دەرچوو. (ک، ژ ،ت ،ل، ۹۴).

هەموو رۆژێک ئەمکردەوەیەم لەئافتاوئەدی،

کەچی

جارێک سەرنجم بوئەوە نەچوو ،لەخۆمبپرسم: " ئەدی ئەمە بۆچی ویانی چی" .

ئامرازی گەیەنەر"تا":

"تا" ئامرازێکی گەیەنەرە لەزمانی ئەدەبی ئیمڕۆی کوردیدا ، دەتوانێ رستەی شوێن کەوتوو بگەیەنێتە رستەی

سەرەکی لەناورستەی لێکدراوی شوێن کەوتووخوازدا .ئەم ئامرازەلەرووی واتاوە دووجۆرە یەکێکیان واتای ئامانج دەدات ،بەمەوە رستەی شوێن کەوتووی ئامانجی دەگەیەنێتە رستەی سەرەکی .... ئەوی تریان واتای پێوان وئەندازە و ماوەپێشان دەدات ، بەمەشەوە رستەی شوین کەوتووی ئەندازە وپێوان وماوەدەگەیەنێتە رستەی سەرەکی لەهەردووجۆرەکانیشدا سێ فۆرمی هەیە لەرووی دروستبوونەوە . وەک : تا ، هەتا ، هەتاکوو. نموونەی بۆئەوەی ،کەئەمئامرازە رستەی شوێن کەوتوو دەگەیەنێتە رستەی سەرەکی زۆرن . بۆنموونە :

مێمکە هۆلێ ی کەڵبە لەدەم

لاشەی مێردی تورداپەچەم

بۆدۆستی نمەک بەحەرام

تا

هەردووبگەن بەمەرام (ک، ژ ، ت ،ل، ۸۸)

لێرەدا رستەی " هەردووبگەن بەمەرام " رستەیەکی شوێن کەوتووەوبەیارمەتی ئامرازی "تا " گەیشتووتەرستەی سەرەکی ، ئەورستەیەی، کەئامرازی ناوبراو دەگەیەنێتە

رستەی سەرەکی پێی دەوترێ رستەی شوێن کەوتووی ئامانجی بۆنموونە:

کەوتەخۆگۆڕین،

تا

مسەجەلەکەبەرێت بۆلای وەستا. (خ،ئا،ل،٩١)

رستەی(مسجەلەکەبەرێت بۆوەستا)رستەیەکی ئامانجی یە.

ئەمویست منالم هەبێت، هەتا بەشیری ئەمبڕوایەپەروەردە-

یان کەم،

تا

ئەوەی لەمن قەومالەوان نەقەومێتەوە. (خ،ئا،ک،٤٢)

ئامرازی "تا" هەرناتوانێ بەس رستەی شوێن کەوتووی ئامانجی بگەیەنێتە رستەی سەرەکی، بەڵکو دەتوانێ رستەی شوێن کەوتووی ماوەش بگەیەنێتە رستەی سەرەکی .بۆنموونە:

منیان خستەنێوان خۆیانەوە هەریەکەیان دەستێکیگرتبووم

بەناوبازار تێئەپەڕین،

تا

لەکەبابخانەکەی وەستا شەریف نزیک بووینەوە. (ئە،ک،ل،٢٤)

رستەی (لەکەبا بخا نەکەی وەستا شەریف نزیک بوویـــنـــەوە)

رستەیەکی شوێنکەوتووی ماوەیەو ماوەپێشا ن دەدات. هـــەروا

دەتوا نـــێ رستەی شوێن کەوتووی ئەندا زەش بگەیەنێتە رستەی

ســەرەکــی، بۆنمـوونـە :

قـــەدری ما نـگ نیـــە ،

تــــا

نەگا تەشـەو

گەرما ئـا وی سا رد ئەخـا تەبرەو

گەلێ جا ر لەگەڵ ئەم ئا مرا زەدا پیتی (هە)دێت ودەکەوێتە

پێشەوەی. بەمەوە فۆڕمی نوێ ی تا دروست دەبێ ودەبێتە "هەتا "

هەربەهەما ن ئەرک و وەزیفە . بـۆنمـوونە :

وەستـــــا ،

هـەتـا

کەمێک پشـووبـدا ت . (خ،ئا ، ک ، ۴۱)

پێم مەڵێن ریشتوەک خوری خا وە ،

کوێـر ،

هـەتـا

دەمرێ بەهیوای چاوە . (پەند، کەریم،ل، ١١٥)

بەپەنجەرەکەوە وەکوو پێوەی نووسابێ ووشک بوو،

هەتا

ئێوارەیەکی درەنگ لەجێگای خۆی نەجوڵا. (خ،ئا ،ل،٥١)

سوار،

هەتا

نەگلێ نابێ بەسوار

برنج نەکوترێ ناچێتەبازار (پەند،کەریم،ل، ٩٨).

لەمرستەیەدا دەبوایە ئامرازی "هەتا " بکەوتایەپێش وشەی "سوار" بەمەوە ئامرازی "هەتا " دەتوانێ بکەوێتە پێشەوەش بەڵام ئەمحاڵەتەلەزمانی ئەدەبیدا زۆرکەم بەرچاو دەکەوێ چونکە بەزۆری هەردەکەوێتەناوەوە .نموونەبۆ"تا "کەفۆڕمی "هەتا " یە:

بۆمبایەکی ئاگراوی وائەتەقێنم

کەس نەمێنێت،

تا

ناوجەرگەی ئەرز ئەسووتێنم

لەگەڵ ئەوەش ترسنۆکن قورسن بێ هێزن

بەڵام هەرگیزشەلم ،کوێرم ،دەست نا پا رێزن،(پەندکەریم ،ک،١٠٤)

جا ری وا هەیە ، بە "تا "دووئا مرا زی تروەردەگرێ وەک "هە ،

کە" دەکەوێتە پێشەوە " کو" کەدەکەوێتە دوا وەی بەمەوە

(هە+ تا +کو) هەتاکو دروست دەبێ . بۆنموونە :

گا مەڕە چەپۆک گا پا ڵ پێوەنا ن

هەتاکووئیشیا ن لەئیش ترا زا ن .(پەند ،کەریم ،ل،١١١)

ئا مرا زی گەیەنەر " چونکە ":

ئا مرا زی "چونکە "ش بەکێکە لەئا مرا زەکا نی گەیەنەر ،کە

دەتوا نێ رستەی شوێن کەوتوو بگەیەنێتەرستەی سەرەکی.

بۆنموونە :

زوا نی خۆت بگرە دەخیلە لەو وشا نەی وا حەقە

چونکە

مەشهورە ،کەحەق لای بێ تەمیز ،تا ڵ وڕەقە (پەندکەریم ل،١٠٨)

ئەورستا نەی کەشوێن کەوتوون وبەیا رمەتی ئا مرا زی

گەیەنەر "چونکە" دەگەیەنەرستەی سەرەکی لەنێورستەی

لێکدرا وی شوێن کەوتوو خوا زدا پێیا ن دەوترێت رستەی

شوێن کەوتووی هوێی . بۆنموونە :

ئەزانن بۆدەبێتەدز ، هەژار وبێکەس وبرسی؟لە بۆ
تێربوونی زگ
چونکە
زگی برسی چنا پرسی .(پەند،کەریم،ل ، ٩٥)

نێرومێ هەزدوو بەجووتە بۆوەتەن هەولێ نەدەن
دوورە دەرچوونی لەدیلی، مەل بەبالێ نافڕێ
هەولی راستی هەردوولا ئامانجی میللەت سەرئەخا
چونکە
مەعلوومە بەیەک دەس چەپلەقەت لێ نادرێ

ئامرازی "چونکە" لەناورستەی لێکدراوی شوێن کەوتوو
خوازدا هەردەم جێگای ناوەراست دەگرێ ،یانی دەکەوێتە
نێوان رستەی سەرەکی ورستەی شوێن کەوتوو . بۆنموونە :

لەمچەندمانگەی دواییەدا ئەوەی بەدەگمەن بۆهەڵئەکە-
وت، چونکە
لەوماوەیەدا رۆژانێکی ئەوتۆی بەسەر بردبوو ، کەیا هەر
هیچی دەس نەئەکەوت ، وەیا لەسێ چوار پەنجایی تێ پەڕی

نەئەکرد. (ک ، ژ،ت،ل ، ٦١)

بەڵامهەندی جار دەتوانێ بکەوێتەپێشەوەی رستە ، بە تایبەتی لەو حاڵەتەی ، کە رستەکە لەپارچەیەکی شیعر بوو نەک پەخشان لەبەر پێداویستی یاسای شیعر. بۆنموونە :

چونکە

خوا راستەو راستی خۆش ئەوێ

داری راست بەلای چەوتا نانەوێ. (پەند،کەریم،ل،٧٤)

فرمانی خەبەری هەردوو رستەکان رستەی سەرەکی ورستەی شوێن کەوتوو بەزۆری لەیەک کاتدا دەبن ، کاتەکەش بەزۆری لەرابردوو دەبێ ، بۆنموونە :

ساڵێ جارێک چاووم پێیان نەئەکەوت ،

چونکە

دەربەدەرووهەڵاتووبوون.

فرمانی یەکەم لەکاتی رابردووی بەردەوامی نەفیدایە بەڵام فرمانی دووەم لەکاتی رابردووی دووردایە .بۆنموونە :

دوێنێ شەو تادرەنگ وەختێک خەونەچووەچاووم.

چونکە

زۆر بەپەرۆشەوە چاوەروانی ئەم سبەینێیەم ئەکرد.

(ک، ژ، ت، ل، ٨٠)

باسی گەردنیش بانەکرێ،

چونکە

ئەگەربوترێ لەشوشەوئاوی بێ گەردیئەکرد ..

هێشتا کەمە ، (خ، ئا ، ل، ٣)

لێکوڵینەوەی نموونەکان واپێشانمان ئەدەن ، کەهەندێ

جار لەبریتی ئامرازی " چونکە " ئامرازی لێکدراوی گەیەنەر

"لەبەرئەوەی کە" بەکاردێت بۆنموونە :

ئەوەی راستی بێ ،ئەت ووت ئەموتانەمبەچەقۆڵەقورگ

دەرئەهێنن ! ئەمەش تەنها ،

لەبەرئەوەی کە

ئەمەیەکەمجاربووئەمقسانەمهەڵئەدا بەگوێی

کچێکدا . (ک،ژ، ت، ل، ٨٢).

گەرهەمان رستە بەئامرازی "چونکە" بنووسین واتاکەی

ناگۆڕی بۆنموونە :

ئەوی راستی بێ ، ئەت ووت ئەم وتانەم بەچەقۆ لە

قـــورِگ دەرئەهێـنن ! . ئەمەش تەنـها ،

چونکـــە

ئەمەیەکە مجا ربووئەمقسا نەمهەڵئەدا بە

گوێ ی کچێکـــدا .

نموونەی ترلەســەر "چـــونکە"

لای خەڵک وخوا و دراوسێ یەکان خۆشەویست بوو ،

چونکە

کاسبێکی پاک ولەخـــوا تـــرس بوو . (خ،ئا ،ل،٥٧)

ئامرازی گەیەنەر" ئـــەگـــەر":

لەزمانی ئەدەبی ئیمڕۆی کوردیدا "ئەگەر"یش ئامرازێکی

گەیەنەرە ، دەتوانێ رستەی شوێن کەوتوو بگەیەنێتەرستــــــەی

ســەرەکــی، بـــۆنمـــوونە :

ئـــەگـــــەر

پشیلە لەماڵ نەبـــێ،

مشکان تلیلیلیانە (پەند ،کەریم ،ل٤٣)

ئەگـــــەر

ئەکەویەجوست وجۆی ئـــەحواڵ

قسەیا لەشێت ببیەیا منــدا ڵ. (پەند ،کەریم ،ل،١٠٨)

ئەورستەشوێن کەوتووانەی، کەبەئامرازی "ئەگەر"دەگەیەنر
ـ ێتە رستەی سەر.کی پێیان دەوترێت رستەی شوێن کەوتـــووی
مەرجی. بۆنمـــوونـــە :

ئـــەگــــەر

"توجاری حــاجــی، پــارەبێنــە "

مەتاعە نیک وبەد ، دنیا دوکانــە .

بەگالتەوگەپێکەوەپێم‌ووت، ئاخۆچا یەکانی ئـەمـڕۆشـــــم
وەک ڕۆژانی تر شیرین ئەبن ؟ا بەدەم زەردەخەنەونا زکردنێکی
دڵ فڕێنەوە ووتی ! تا ،

ئەگەر

وەک جاران رەتیان نەکەیتەوە (ک، ژ،تە‌ل،٨٣)

ئامرازی گەیەنەر "ئەگەر" لەزمانی کوردیدا رواڵـــەتـــی
تریشی هەیە ،وەک (گەر ،مەگەر)، بۆنمـوونـە :

ژنـــی بـەدژانــە

گــەر

خۆتی لێدەی ماڵت وێرانە ،(پەند ،کەریم ،ل،٩٦)

ڕێوی بەفێڵ ناوەستێ،

مەگەر

تەڵەپێی بەستێ (ک،ژ،ت،ل،٧١)

باشیش نیە ئەم قسانەئەکەم،

ئەگەرچی

لەدڵی خۆشما بێت . (ک،ژ،ت، ل، ٧١)

بەڵێ کۆڵینەوە لەم سێ ڕستانەی سەرەوە بۆمان دەردەکەوێ کەفۆڕمی "گەر" لەئامرازی گەیەنەر "ئەگەر" هاتووە، بە جیاوازی ئەوەی ،کەلە "گەر" پیتەقالبی "ئە" کەوتووەو ماوەتەوە "گەر" .لەرستەی دووەمدا ئامرازی "مە"ی نەفی کەوتۆتە پێشەوەی "گەر" وفۆرمی "مەگەر" دروست بووە ،لەهی سێیەمدا دەربڕینی یارانای (چی) کەوتۆتە دوای ئامرازی "ئەگەر" وفۆڕمی ئەگەرچی دروستکردووە، هەرسێ حاڵەتەکە لەبریتی "ئەگەر" بەکارهاتوون.

یەکێک لەخاسیەتەکانی ئامرازی گەیەنەر "ئەگەر" ئەوەیە کەهەردەم دەکەوێتە پیشەوەی ڕستە. بۆنموونە :

ئەگەر بمانەوی لەمدنیا ولەودنیا نەبین،

ئەبێ لەیادی نەکەین . (خ، ئا ، ل، ٢٠).

ئەگەر

قەڵەرەش ڕێ نیشاندەربێ،

ئەبێ گەورەهەردەربەدەربێ

(پەند ،کەریم ،ل، ٤٢)

جاری واهەیە بەتایبەتی لەبەر فۆڕمی ئەدەبی یان درێژی ڕستە ئامرازی گەیەنەر (ئەگەر)دەکەوێتە نێوان ڕستەی سەرەکی وڕستەی شوێن کەوتووی مەرجی ،بۆنموونە :

بەهار بووفەسڵی زستانم،

ئەگەر

یارم لەگەڵ بایە

درۆیە گەر وتویانە بەخونچەیەکی بەهار نایە *

(پەند ،کەریم ،ل، ١)

ئامرازی گەیەنەر "ئەگەر" خاسیەتێکی تریشی هەیە ئەوەیە ، کەزۆرجار لەگەڵ فرمانی خەبەری هەردووڕستەکان سەرەکی وشوێن کەوتوو ،کە فرمانێکی ئەسڵی یە ، فرمانێکی یارمەتی دەریش دێت . بۆنموونە :

---

* - ئەم شیعرە لە نێو شیعرەکانی مامۆستا هێمن دا دەبینرێ .

ئـــەگـــەر

ئەیـــەوێ پێی بـکا ،

ئەبـێ بـژی

ئەگـــەر

بما نەوێ لـەمدنیا ولـەودونیا نەبین،

ئەبێ لـەیا دی نەکەین (خ،ئا ،ل،٢٠)

ئـــا مـرا زی گـەیەنـەر "بـــۆیـــە":

ئەمئا مرا زە ئا مرا زێکی گەیەنەرەو زۆربەکا ردێت. بـــــۆ نمـــوونـــە :

ما مپۆلیس وا دیا ربووگوێی لەدوا قسەکا نی کـوێخـــا بـــوو ، بـــۆیـــە:

ها تەپێشەوەوسلاوێکی سا ردوسڕی کرد. (خ،ئا ،ل، ٢٧)

ئەمئا مرا زە دەتوا نێ رستەی شوێن کەوتووی تـــەسـلیمـــی بگەیەنێتەرستەی سەرەکی . بۆنموونە :

با لاورەی بووک وخەسووی گوێ لێ بوو

بـــۆیـــد

کچەکەی نەئەدا بـــەشـوو

کەچی کچ دەستی لەدایکی بەردا

مەیموون زۆرجوان بووئا ولەشی دەردا (پەند،کەریم،ل،١٢٨)

هەتا ئەوکاتە ماموستای وای ئەزانی ، کەئاغا ئەبێ

قەلەوێکی ورگ زل بێ،

بۆیە

بەسورسا میەکەوە سەیری ئەمئاغالەرەی کرد.(خ،ئا،ل،١٧)

ئەمرستەشوێن کەوتووەی ، کەبەیارمەتی ئامرازی "بۆیە"

دەگاتە رستەی سەرەکی لەرستەی لێکدراوی شوێن کەوتوو

خوازدا،ئەوخاسیەتەی ، کەفرمانی خەبەری هەردوو رستەکان

شوێن کەوتوو وسەرەکی لەیەک کاتدا دەین یالە کاتی جیا

جیا ، چ هەردووکیان لەکاتی رابردوو دەین یالەکاتی

ئێستا ، وەیالە کاتی ئالوگۆر، وەک یەکێکیان لەکاتی

ئێستاوئەوەی تریان لەکاتی رابردوو، یان بەپێچەوانە.

بۆنموونە:

لەدوو توێ یا ئەوپەری دلسۆزی خۆشەویستیم روون ،

ئەبۆوەوە ،

بۆیە

ئەویش هەرکەسەری هەڵبڕی وسەرنجی دائیی، دوومەتەکانــی

هێندەی تر سوور هەڵگەڕان ،(ک ،ژ ، ت ، ل، ٨٢)

گومانم نەما ،پێم رائـەبوێـرێ،

بــۆیــە

رووم لـێ گرژ کرد(خ،ئا ،ل، ٣٨)

مام پۆلیس وا دیار بوو گوێ ی لەدوا قسەکانی کوێخا بوو ،

بـــۆیــە

هاتەپێشەوەوەسڵاویکی ساردوسڕی کرد(خ، ئا ، ل، ٢٧)

لەم دووڕستانەدا فرمانی خەبەرەکان ،فرمانن لـــەکاتی

رابـردوودان هـــەروا دەشبێ لەکاتی ئێستادا بن بۆنموونە :

کەسیش بڕوا بەمـەناکـا ،

بــۆیە

باسی نەکرێ باشترە .(خ،ئا ، ل، ٣)

نموونە بۆکاتی لەیەک جیا زۆرن، وەک :

هەوراز بڕین بۆپیا دەیەکی رانەهاتە کارێکی ستەمە ،

بــۆیــە

لەهیلاکیــا لەپەل وپۆ کەوتبووم. (خ،ئا ،ل، ٣٧).

فرمانی خەبەری رستەی سەرەکی فرمانی لکاوە لەکاتی ئێستادا "ە" ،کەبەوشەی "ستەم" لکاوە ،بەڵام فرمانی خەبەری رستەی شوێن کەوتووفرمانێکی کاتی رابردووی دوورە "کەوتبووم".

دەبێت فرمانی یەکەم رابردوو بێت وفرمانی دووەم لە کاتی ئێستادا بێت، بۆنموونە:

وادیاربوو ، مامەسەعەتاقەتی لەبێ دەنگی ودالغەلیدان چووبوو،

بۆیە

ئەیویست بەهەربیانوویەکەوە بێت دەرگای قسەکردن بخاتە سەرپشت ،(خ،ئا ،ل، ٥٦).

ئەنجام

١ـزۆرلە رێزمانووسانی کوردوغەیری کورد لەکتێبە رێزمانیەکانیاندا شت وبابەتی بەنرخیان لەبارەی ئامراز بەگشتی وئامرازی سینتاکس نووسووە ، لەگەل ئەوەشنووسینەکە لەکەموکوڕی رزگاری نەبووە .

٢ـ ئامراز لەرووی دروست بوونەوە دەکرێت بەدووبەشەوە

ئامرازی سادەولێکدراو.

٣- لەرستەی لێکدراوی شوێن کەوتووخوازدا ،کەبەیارمەتی ئامرازی "بەڵکوو" دروست دەبێت ،دەبێ لەرستەی سەرەکیدا وشەی تەناسووبی "تەنیا ، نەوەکوو" هەبێت .

٤- ئامرازەکانی "وەکوو ،ئینجا " دوو ئەرک جێ بەجێ دەکەن ؟ ئامرازی "وەکوو" سەرەڕای ئەرکی بەستنەوەی دووڕستەبەیەکەوە ئەرکی وەکیەکیش وەدەست دەنێ ، کەلە ڕەوان بێژی دابەکار دێت ،یانی ئەمەئامرازی دروسکردنی وەکیەکە - التشبیه - .

٥- هەندی ئامراز هەن ، دەتوانن ئامرازی نەفی وەربگرن "نە" وەکوو ئامرازی سینتاکس " وەکوو" وفۆرمی "نەوەکوو" دروست دەکات .

٦- هەر رستەیە ،لەورستانەی، کەبەیارمەتی ئامرازی، " ئەگینا ، بەیەکەوە دەبەسترێتەوە دەبێ موبتەدای تایبەتی خۆی هەبێ.

٧- "وە" کەیەکێکەلە ئامرازەکانی پەیوەستداری زمانی ئەدەبی ئیمڕۆی کوردی - دیالێکتی سۆرانی -،کەدەتوانی

دوورستەبەیەکەوە ببەستێتەوە.

٨- "کە" ئامرازێکی گەیەنەرەلەزمانی ئەدەبی ئیمڕۆی، کوردیدا ،ئەمە هێجگار باو وبڵاوە وزۆر بەکاردێت دەتوانێ جۆرەها رستەی شوێن کەوتوو بگەیەنێتە رستەی سەرەکی لە نێورستەی لێکدراوی شوێن کەوتوو خوازدا ، بۆیە پێی دەوترێ ئامرازی گەیەنەری گشتی. ئەم ئامرازە لەرووی دا هاتنیەوە لەئامرازی "کێ"ەوە هاتووەو پێشکەوتنی ئەوە لەزۆررمانی ئێرانی بەکاردێت وەک ،فارسی وپەشتو.... هتد، جێگای ئامرازی "کە"

پێشەوەی رستەیە لەوحاڵەتەی، کەرستەی شوێن کەوتووی کاتی بگەینێتەرستەی سەرەکی، بەڵام گەر رستەی شوێن کەوتوو -ی ، کاتی بگەیەنێتەرستەی سەرەکی ،بەڵام گەر رستەی شوێن کەوتووی دیارخەری بگەیەنێتە رستەی سەرەکی، جێگای هەرنێوان رستەی سەرەکی ورستەی شوێن کەوتوو دەبێت ئەم ئامرازە دەتوانێ جێگای ئامرازی گەیەنەر "ئەگەر"بگرێتەوە.

٩- ئامرازی گەیەنەر "بۆئەوەی" هەردەکەوێتە نێوان رستەی سەرەکی وشوێن کەوتوو، هەروا دەتوانێ وەزیفەی(تا ،

تا وەكوو) بگەیەنێ.

١٠- ئامرازی "تا " دەتوانێ رستەی شوێن كەوتووی ئامانج بگەیەنێتە رستەی سەرەكی، هەروا دەشتوانێ رستەشوێن كەوتووەكانی ئەندازەیی وپێوان وماوەش بگەیەنێتە رستەی سەرەكی.

١١- ئامرازی گەیەنەر "ئەگەر" دەتوانێ ئامرازی نەفی وەربگرێت وەك ئامرازی "مە"و فۆرمی "مەگەر" دروست بكات ، یەكێك لەخاسیەتەكانی تری ئەم ئامرازە ئەوەیەكەهەردەم دەكەوێتەپێشەوەی رستە ،لەورستەلێكدراوەی شوێن كەوتوو خوازەی ، كەبەیارمەتی ئامرازی " ئەگەر" دروست دەبێت هەردوو رستەكانی - سەرەكی وشوێن كەوتوو- فرمانی خەبەرەكانیان ، كەفرمانێكی ئەسڵیە فرمانێكی یارمەتی دەریش دێت . ئەمئامرازە فۆڕمی "گەر" ئەگەرچی، مەگەر"یشی هەیە .

١٢- ج ئامراز بەگشتی یان ئامرازی سینتاكس تائێستا نەبوونەتە باسێكی سەربەخۆ .

١٣- ئەورستانەی ،كەبەیارمەتی ئامرازی(یا)بەیدكەوە ،

دەبەسترێنەوە بەزۆری رستەی یەک موبتەدایین .

١٤- ئامرازە پەیوەستدارەکان لەرووی ئەرکی خۆیانەوە هەندێکیان دەکرێن بەچوار بەشەوە ، وەک : و،ش ، بەڵام،یا ، ئەوسا ، بەشی بەیەکەوە بەستنەوە، عەتف، جیاکەرەوەو هامبەری.

١٥- ئەورستەیەی ، کەبەیارمەتی فاریزە بەیەکەوە دەبەسترێنەوە ،فرمانەکانیان بەزۆری لەیەک کاتدا دەبن، چ هەردووکیان لەکاتی ئێستا دەبن یان لەکاتی رابردوو .

١٦- شوێنی ئامرازی گەیەنەر "کەچی" هەرنێوان رستەی سەرەکی ورستەی شوێن کەوتووەلەنا ورستەی لێکدراوی شوێن کەوتووخوازدا .

١٧- لەرستەی لێکدراوی شوێن کەوتوو خوازدا فرمانی خەبەری هەردوو رستان - سەرەکی وشوێن کەوتوو- ،کەبە یارمەتی ئامرازی "چونکە"ی گەیەنەر دەگەیەنە یەکتر لە یەک کاتدا دەبن.

کــــورتکـــرا وەکـــــا ن

ل = لاپـــەڕە

خ ـ ئا ـ خـۆری ئا وا بــوو

ئە ـ ل ،= ئەلـــەمـا ن کـُوردی

پەند ـ کەریم .= پەندی پێشنیا ن لـەشێعری کوردیدا ، کەریم

شا رەزا بــەغـدا ١٩٧٦،

ک ـ ژ ـ ت ،= کلاًضەیەک ژا نی تووو ـ حوسێـن عا رف ١٩٧١

سەرچاوەکان

یەکەم: سەرچاوە بە زمانی کوردی

١ـ سەعید سدقی کابان، مختصر صرف ونحوی کوردی، بەغدا، ١٩٢٨،

٢ـ لێژنەی زمان وزانستەکانی کۆڕی زانیاری کورد، ڕێزمانی ئاخاوتنی کوردی، بەغدا ١٩٧٦

٣ـ محەممەدئەمین هەورامانی، سەرەتایێک لە فیلۆلۆژی زمانی کوردی، بەغدا ١٩٧٢،

٤ـ نوری عەلی ئەمین ڕێزمانی کوردی، سلێمانی، ١٩٦٠،

٥ـ ئەحمەد حەسەن ئەحمەد، ڕێزمانی کوردی، بەغدا ١٩٧٦

٦ـ جگەرخوێن، آوا ئودەستورا زمانی کوردی، بەغدا ١٩٦١

٧ـ دکتۆر ئیبراهیم عەزیز ئیبراهیم، ڕستەی لێکدراوی شوێن کەوتوو خواز لەگەڵ ڕستەی شوێن کەوتووی دیارخەری لە دیالێکتەکانی زمانی کوردیدا بەغدا، ١٩٨٠،

٨ـ تۆفیق وەهبی، پیتەقالبی "ئە"ی شێوەی سلێمانی گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد، بەرگ (١) بەشی ل(٩)،

٩ـ قەناتی کوردۆ ـ زمانی کوردی ـ ڕێزمان، پەریفان ١٩٧٠،

١٠ـ دکتۆر ئاورەحمانی حاجی مارف، ڕێزمانی کوردی

مۆرفۆلۆژی ـ بەشی یەکەم ـ ناو ـ بەغدا ، ١٩٧٩

١١ـ تۆفیق وەهبی ،خوێندەواری باو ،بەغدا ،١٩٢٢

١٢ـ د،جەمال نەبەز ، زمانی یەکگرتووی کوردی ، یامبیرگ، ١٩٧٦،

١٣ـ عەبدوڵڵا نەقشبەندی، پاشکۆی (درا) ، گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد بەرگ (١) ،ژمارە ، (١) ،بەغدا ، ١٩٧٢ ،ل ١١٥ـ ١٢٧،

١٤ـ عەلائەدین سەجادی ،دەستوور وفەرهەنگی زمانی کوردی ـ عەرەبی ،فارسی، بەغدا ،١٩٦٢

١٥ـ د،کەمال فوئادچەند سەرنجێکی زمانەوانی،گۆڤاری رۆژی کوردستان ، ژمارە (٢) بەغدا ١٩٧١،ل،٥٨ـ ٥٩

١٦ـ کوردستان موکریانی ،ئامرازەکانی خستنەسەرلەزمانی کوردیدا ،گۆڤاری زانکۆ ، بەرگ(٤) ،ژمارە (١) ،سلێمانی ، ١٩٧٨، ل ١٤٥ـ ١٧٤،

١٧ـ کوردستان موکریانی ،رستەی زمانی کوردی،گۆڤاری زانکۆ ،

١٨ـ د ـ کوردستان موکریانی ود ـ نەسرین محەممەد فەخری

رێزمانی کوردی بۆپۆلی یەکەمی بەشی زمانی کوردی بەغدا ١٩٨٢

١٩- محەممەدئەمین هەورامانی ،زاری زمانی کوردی لە ترازووی بەراوەردا بەغدا ١٩٨١.

٢٠- مەسعوود محەممەد ،چەند حەشارگەیەکی رێزمانی کوردی ، بەغدا ، ١٩٧٦

٢١- د ، نەسرین محەممەد فەخری ،پەرەسەندنی واتای وشەو دەوری لەدوکەمەند کردنی زماندا ، گۆڤاری "الاستاذ" ژمارە (٢) بەغدا ،١٩٧٨- ١٩٧٩- ل، ٦٤٢- ٦٧١

٢٢- چاوگی بێ واتا لەزمانی کوردیدا ، بەغدا ، ١٩٧٣

٢٣- نوری عەلی ئەمین ،رێزمانی کوردی، سلێمانی، ١٩٦٠

٢٤- وردی ،دەستووری زمانی کوردی، گۆڤاری، گڕوگالی منداڵی کورد، ژمارە (٦) حوزەیران، ١٩٤٦- ل ٣

٢٥- دکتۆر ئیبراهیم عەزیزئیبراهیم، حاڵەتەکانی جنس وبینای بەرکارلەزازادا وەرگێرانی لەروسیەوە ، گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد، بەرگی (٥)بەغدا ١٩٧٧ل ٢٣٦- ٢٦٣

٢٦- صالح حسێن بشدری . کورتە یەک لەرێزمانی کوردی بەغدا ١٩٨٥.

دووەم : سەرچاوە بەزمانی عەرەبی

٢٧- توفیق وهبی، قواعداللغةالکردیه ، الجزءالاول ،البا
- بالثانی، بەغدا ١٩٥٦،

٢٨- مالک یوسفالمطلبی ،فی الترکیباللغوی للشعر
العراقی المعاصر- دراستەلغویه - بەغدا ١٩٨١،

٢٩- الدکتور عفیفدمشقیه ، مطئ متعره علی الطریق
تجدیدالنحوالعربی ، بیروت ١٩٨٠.

٣٠- الدکتور امیل بدیع یعقوب ،فقهاللغةالعربیه و
خصائصها ،بیروت ١٩٨٢ .

٣١- الدکتورامین علی السید ، فی علمالنحو ،الجزءالاول ،
الطبعهالثانیه ، مصر ١٩٧٥ .

٣٢- الدکتورامین علی السید ، فی علمالنحو
الجزءالثانی ،الطبعهالثانیه ، دارالمعارف بمصر (بلا).

٣٣- عباس حسن ،النحوالوافی ، الجزءالاول،الطبعهالخامسة
دارالمعارف بمصر (بلا).

٣٤- محمد احمدبرانتی ، النحوالمنهجی، الطبعةالثانیه
(بلا) ١٩٥٩ .

٣٥- الدكتور مهدى المفزومى ،فى النحوالعربى ، (نقدو توجيه) ، الطبقه الاولى ،بيروت ١٩٦٤،

٣٦- الدكتور شوق طيف ، المدا يرا لنحويه ، الطبقه الثانيه القاهره ، ١٩٧٢ .

٣٧- توفيق وهبى قوا عدا للغة الكرديه ،الجزء الاول، الباب الاول ،بهغدا ١٩٥٦ .

٣٨- الدكتور عبدا لنعيم محمد حسين ، قوا عدا للغه الفارسيه ، مصر ، ١٩٧٥ .

سێیەم·سەرچاوە بەزمانی فارسی :

٣٩- مصطفی خرم دل ، صرف دستور زبان کردی - سورانی تبریز ١٣٤٧ ک .

چوارەم ،سەرچاوە بەزمانی رووس :

٤٠- کوردۆیێف ک ،ک ریزمانی زمانی کوردی، مۆسکۆ لێنینگراد ،١٩٥٦.

٤١- کوردویێف ک ،ک ،فەرهەنگی کوردی - روسی ، کورتە باسێکی ریزمانی زمانی کوردی مۆسکۆ ١٩٦٠.

٤٢- کوردۆیێف ک ، ک ،رێزمانی زمانی کوردی بەکەرستەی دیالێکتەکانی کرمانجی وسۆرانی مۆسکۆ ، ١٩٧٨.

٤٣- بەکاییێف چخ، زمانی کوردەکانی ئازەربایجان مۆسکۆ ١٩٦٥.

٤٤- بەکاییێف چخ زمانی کوردەکانی یەکێتی سۆڤیەت مۆسکۆ ١٩٧٣،

٤٥- میسر بی.ک ،ر، سمیرنۆڤەی ، ئا ، دیالێکتی کوردی موکری لێنینگراد ١٩٦٨،

٤٦- ئیبراهیم ،ع،ئی، رستەی لێکدراوی شوێن کەوتووخواز

لەگەڵ رستەی شوێن کەوتووی دیارخەری لەدیالێکتە ،
ناودیا،گانی زمانی کوردیدا ، مۆسکو ١٩٧٥(نامەی دکتۆرا)

٤٧- ڕۆبنیچک یو ،ئا ، پریرۆداو وەزیفەی ئاسرازی
گەیەنەری فارسی (کە) کورتە هەوالەکانی ئامۆژگاری رۆژهە-
لاتناسی ئەکادیمیای زانستی یەکێتی سۆڤیەت ، مۆسکۆ ١٩٥٩
نمرە (٣٦).

٤٨- رۆبینچک یو ،ئا ،رستە ئاوێتەکان لەگەڵ رستەشوێن
کەوتووەدیارخەرریەکان لەزمانی ئیمڕۆی فارسیدا ، مۆسکۆ
١٩٥٩ .

٤٩- کالێنینە ز، م. رستەی لێکدراوەی شوێن کەوتووخواز
لەزمانی ئەدەبی ئیمڕۆی پوشتودا ،مۆسکۆ ١٩٦٦ .

٥٠- تۆکرمان ی، ی، لێکولێنەوەیەک لەرێزمانی کوردیدا
مۆسکۆ ١٩٦٢.

پێنجەم: سەرچاوەبەزمانی ئینگلیزی

٥١-) Mackenzie D.N. Kurdish dialect studies
London, 1961-1-

٥٢- Macarue E.N. A Kurdish grammar
New. york 1958

سەرچاوەنموونەکـــان

١- دکتۆر مارف خەزنەدار ، ئەلەمان کوردی ، بەغدا ١٩٦٩

٢- دکتۆر کاوسی قەفتان ، خۆری ئاوابوو ،سلێمانی ١٩٧٠

٣- حوسێنی عارف،کلاڤەیەک ژانی تووڕە ،نەجەف، ١٩٧١.

٤- کەریم رەزا ، پەندی پێشینان لەشێعری کوردیدا

بەغدا ، ١٩٧٦ .

(ناوه ڕۆك)

پاری یەکەم : ئامرازی مۆرفۆلۆژی

پێشەکی ١

بەشی یەکەم : ئامرازی بانگ کردن ٢

بەشی دووەم : ئامرازەکانی پرسیار ١٠

بەشی سێیەم : ئامرازەکانی سەر سوڕمان ١٦

بەشی چوارەم : ئامرازەکانی ناسراوی نەناسراوی ١٨

بەشی پێنجەم : ئامرازی کۆ ٢١

بەشی شەشەم : ئامرازی فەرمانی ٢٤

بەشی حەوتەم : ئامرازی پەیوەندی ٢٨

بەشی هەشتەم : ئامرازی خۆزی ٣١

بەشی نویەم : ئامرازی (نەفی ـ نەری) ٣٣

بەشی دەهەم : ئامرازی پلەی بەراورد و یا لا ٣٥

بەشی یازدەهەم : ئامرازی داوا کردن و پاڕانەوە ٣٧

پاری دووەم : ئامرازی سینتاکسی ٣٨

پێشەکی ٣٩

بەشی یەکەم مێژووی لێکۆڵینەوە لە ئامرازەکانی سینتاکسی .. ٤٢

بەشی دووەم: ئامرازەکانی سینتاکسی : ٦٣
١- زاراوەی ئامراز ٢- ناسینی ئامراز ٣- ئامراز لەرووی، دروستبوونەوە، ٤- ئامراز لەرووی ئەرکەوە.
بەشی سێیەم: ئامرازی سینتاکسی پەیوەستدار : ٧٢
١- زاراوەی ئامرازی پەیوەستدار ٢- جۆرەکانی ئامرازی پەیوەستدار.
بەشی چوارەم: ئامرازی سینتاکسی گەیەنەر : ١٠٠
١- زاراوەی ئامرازی گەیەنەر ٢- جۆرەکانی ئامرازی گەیەنەر .
١- ئەنجام
٢- کورتکراوەکان ١٤٠
٣- سەرچاوەکان ١٤١
٤- سەرچاوەی نموونەکان
٥- ناوەرۆک
٦- بەرهەمەکانی دانەر ١٥١

بەرهەمەکانی دانەر

بەرهەمی لەچابدراو :

١- ڕێزمانی ئاخاوتنی کوردی ،بەغدا ، ١٩٧٦ (لەگەڵ لیژنەی زمان زانستەکانی کۆڕی زانیاری کورد)

٢- ئەلف وبێ کوردی بۆ مەعاهیدی ماموٚستایان ، بەغدا ١٩٧٨ (لەگەڵ چەندما مۆستایەک بەتەکلیفی وەزارتیەدروەردە)

٣- هەندێ ئامرازی سینتاکسی لەزمانی ئەدەبی ئیمڕۆی کوردیدا - بەرگی سێیەم بەغدا ١٩٨٠.

٤- ڕستەی لێکدراوی شوێنی کەوتووخواز لەگەڵ ڕستەی شوێنی کەوتووی دیارخەری لەدیالێکتەناودیەکانی زمانی کوردیدا ، بەغدا ، ١٩٨٠ .

٥- لێکۆڵینەوەیەک بەناونیشانی " دەربارەی سینتاکسی زمانی کوردی"گۆواری ڕۆشنبیری نوێ،ژمارە (٥٢) ئابی ، ١٩٧٦.

٦- حاڵەتەکانی جنس وبینای بەرکارلەزازادا ، وەرگێڕانی لەرووسیەوە گۆواری کۆڕی زانیاری کورد ژمارە (٥)ساڵی ١٩٧٧

٧- لێکۆڵینەوەیەک بەناونیشانی " ئامرازی گەیەنەر (کە) لەزمانی ئەدەبی ئیمڕۆی کوردیدا " گۆواری ڕۆژی کوردستان ژمارە (٥٨) ساڵی ١٩٨٠(دەقی ئەم لێکۆڵینەوەیە

لەیەکەم کۆڕی وەرزی دووەمی رۆشنبیری کۆمەڵەی رۆشنبیری کوردی لەئێوارەی ۱۲/۳/ ۱۹۸۰ لەهۆڵی کۆمەڵە خوێندرایەوە بەناوی (کۆڕی زانستی زمانی کوردی)

٨- گیروگرفتی نووسینی فرمان وراناوی لکاولە روووی پێکەوەنووسان وپێکەوە نەنووسانەوە ، گۆواری کۆڕی زانیاری عێراق ،دەستەی کورد- بەرگی نۆیەم .

٩- هەندێ لایەنی وێکچوون لەنێوان دیالێکتی زازاو دیالێکتی سۆرانی گۆواری رۆشنبیری نوێ ژمارە (—)ساڵی ١٩٨٨ .

١٠- وتارێک بەناونیشانی نووسینی پیتی (ر) بەگرافیکای عەرەبی لەزمانی کوردیدا - گۆواری رۆژی کوردستان ژمارە (٥٧) ساڵی ١٩٨٠ .

ئامراز لەزمانی کوردیدا (ئەمکتێبە)

١- چاوک سادە میحوەرێکد بۆدروستکردنی چاوگی نوێ لەزمانی کوردیدا ،گۆواری کاروان ١٩٨٦.

بەرهەمی ئامادەبۆچاپ :

١- زانستی زمان وەرگێران لەعەرەبیەوە لەگەڵ زیاد

كردن وخستنەسەر .

٢- راناوی ناوی دیارخراو لەگوڤەرەکانی دیالێکتی ناوەندی زمانی کوردیدا دراوە بەکۆڕی زانیاری عێراق دەستەی کورد .

٣- اداةالوصل (کە) فی اللغةالاربعةالکردیەالمعاصرە ، (بحث باللغەالعربیە) دراوەبەکۆڕی زانیاری عێراق دەستەی کورد .

٤- من اجل ان تسیرالکتابةالکردیەوطریقهاالصحیح)بحث باللغةالعربیّە) .

٥- باسە زمانیەکان لەرۆشنبیری کوردیدا ،

کاری لەبەردەست :

فەرهەنگی گیرفانی کوردی - رووسی - رووسی،کوردی

هەندێ وتاری ئەدەبی بەناونیشانی " رازی تەنیایی)

- لێکولێنەلەزمانی کوردیدا .

- چەند لایەنێکی زمانی کوردی

بەرهەمی تەواو بۆبەشی کوردی زانکۆی سەلاحەدین بەناوی موحازەرات .

١ـ ڕێزمانی زمانی کوردی پۆلی یەکەم:

٢ـ » « « « دووەم لەگەل چەند

تێبینیەک .

٣ـ « « « « چوارەم.

٤ـ دیالێکتەکانی زمانی کوردی بۆ پۆلی یەکەم

٥ـ ڕێزمانی زمانی کوردی پۆلی سێیەم